# دراو وەک سەرچاوەی مێژووی دەسەڵاتدارێتی دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی ٣٢٥-٣٣٠ک/ ٩٣٦-٩٤١ز، ٣٣٨-٣٤١ک/ ٩٤٨ز

**هاوڕێ جبار حمدامین [١]، حەیدەر لەشکری [٢]**
[١،٢]بەشی مێژوو ،فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان- عێراق

---

**پوختە**

دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی[١]، یەکێکە لە یەکەمین ئەو دەسەڵاتدارە کوردانەی، لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی هەوڵیداوە قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسی-کارگێڕی، لە چوارچێوەی خەلافەتی عەباسی، دروستبکات. ئەم میرە کوردە لە بنەڕەتدا لایەنگر و پەیڕەوکاری بیروباوەڕی بزوتنەوەی خەواریجە صوفرییەکان بووە, بەڵام دواتر وازی لەو بیروباوەڕو بزوتنەوەیە هێناوە لەچەند ناوچەیەکی هەرێمی ئازربێجان دەسەڵاتدارێتییەکی خۆجێیی دروستکردووە.

زانیاری لە بارەی ئەم دەسەڵاتدارێتییە و چالاکی و جوڵەکانی دەیسەم، لە سەرچاوە بنەڕەتییەکاندا پچڕ پچڕە, بەڵام ئەوەی پاڵپشتی ئەم زانیارییانە دەکات، ئەو دراو و پارانەن کە ئەو میرە کوردە لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا، لە شارە جیاجیاکانی هەرێمەکە، لێیداون. بەمەش بۆتە یەکەمین میری کورد کە خاوەنی دراوی خۆی بووە.

لەم توێژینەوەیە قسە لەسەر گرنگی دراوەکان، وەک سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی دەیسەم و دەسەڵاتدارێتییەکەی کراوە. هەوڵمانداوە بە گەڕانەوە بۆ نوسین و شێوازی لێدانی دراوەکان هەندێک ڕوخساری سیاسی- کارگێڕی و ئابوری دەسەڵاتدارێتییەکە ڕون بکەینەوە. بەتایبەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزەکانی سەردەمەکە و لە پێش هەمووشییانەوە هێزە دەیلەمییەکان و خەلافەتی عەباسی. ئەمە سەرباری دەرخستنی پێشکەوتنی ئابوری ناوچەکە وەک چۆن دراوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن. لە کۆی ئەمەشدا دراوەکانی هاوکارمان بوون لە دەرخستنی مێژووی هەرێم و ناوچەکە، سنوری پانتایی دەسەڵاتی میر دەیسەم و ڕکابەری لەگەڵ هێزەکانی دەورووبەر. ئەوەشمان بۆ ڕون بۆوە لە هەندێک شوێن مێژوونوسان بەهەڵە داچوون لە تۆمارکردنی ڕوداوەکان، بۆیە ئەو لایەنە شاراوانەشمان بۆ دەرکەوت کە لە تۆمارە مێژووییەکان بەدی ناکرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی، هەرێمی ئازربێجان، دراو، دەیلەمەکان، خەواریجەکان.

---

## ١. پێشەکی

### ١.١.بایەخی توێژینەوەکە

سەرچاوە ماددییەکان لە شارستانییەتی ئیسلامیدا ڕۆڵێکی گرنگیان لە نوسینەوەی مێژوودا هەیە و دەشێ لە هەندێ ڕوداو کەلێنی گەورەی مێژووی نوسراو پڕبکەنەوە. لەو سەرچاوانەش دراو- پارەی لێدراو لە سەردەمە جیاجیاکان، لەلایەن میر و دەسەڵاتداران، ڕۆڵی گەورە لە ڕونکردنەوەی سەردەمە مێژووییەکان و هەندێ لایەنی شاراوەی مێژوو دەگێڕن. دراو سەرچاوەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەی مێژوویی پێکدەهێنێ، ڕاستەوخۆ ڕوداوە مێژووییەکان دەخاتە نێو قاڵبێکی بەڵگەنامەییەوە و هەندێک ڕوی دەسەڵاتە سیاسییەکان نیشاندەدات، کەلای مێژوونوسان نادیار بووە، یاخود نەیانوسیوەتەوە. لەوانەش ڕوداوەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتدارێتی میر دەیسەم.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ تشرینی دووەم ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ١٩ کانوونی دووەم ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٦ کانوونی دووەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەران: hawre.jabbar@koyauniversity.org ، haidar.lashkry@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ هاوڕێ جبار حمدامین و حەیدەر لەشکری
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp146-161

## ٢.١ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هەڵبژاردنی بابەتەکەو ئامادەکردنی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو دراوانەی ئەو میرە کوردە لەو سەردەمانە دەری کردووە، بەشێکی تا ئێستا ماونەتەوە، وەک بەڵگەنامە، تا ئێستا لە توێژینەوەیەکی زانستی نەخراوەتە ڕوو، کە ڕێگە خۆشدەکەن بۆ تێگەیشتنی باشتری قەوارەی دەسەڵاتی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدارێتییە سەنتەرگەراکان. ئەمە سەرباری ئەوەی هێز و توانای ئەو میرە کوردەمان بۆ نیشاندەدەن، بە تایبەت کاتێک دەسەڵاتی ناوەند لاواز بوە. ئەم میرە بۆ نیشاندانی سەروەریەتی سیاسی خۆیی هاتوە دراوی لێداوە. ئەم دراوانە بۆ ئێمە دەتوانن مێژووی ئەم میرە بە باشتر بگەیەنن.

## ٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ تیشک خستنە سەر دەسەڵاتدارێتی میر دەیسەم کوڕی ئیبراهیمی کوردی لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینیدا، کە زانیاری لە بارەی ئەم دەسەڵاتدارێتییە لە نێو سەرچاوە مێژووییەکاندا، پچڕ پچڕە. بە چەشنێک کە وێنەیەکی دروستمان لە بارەی ئەم دەسەڵاتدارێتییە و میر دەیسەمی کوردی بۆ نانەخشێنن. ئەگەر پشت بە سەرچاوەی تری جیاواز نەبەستین بە تایبەت ئەو دراوانەی ئەم میرە کوردە لێی داون و بەهۆیانەوە بۆتە یەکەمین میری ناسراوی کورد کە لە سەردەمی ئیسلامیدا دراوی لێدابێت.

## ٤.١ پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە دەروازەو سێ تەوەرە پێکدێت، دەروازەکە بۆ دەرکەوتنی میر دەیسەم و ڕۆڵی لە هەرێمی ئازربێجان تەرخانکراوە، لە تەوەرەی یەکەم باس لە دراو لێدانەکانی میر دەیسەم دەکەین، لە تەوەرەی دووەمیشدا پەیوەندیەکانی میر دەیسەم لەگەڵ خەلافەتی عەباسی هاتۆتە بەر باس، تەوەرەی سێیەم لە دوو باس پێکدێت، لە باسی یەکەم فراوانخوازیەکانی میر دەیسەم بە پێی دراوەکان باسی لێوە کراوە، بە پێی بەڵگە دراویەکان دابەشی دوو قۆناغی مێژوویی کراوە، باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ لایەنی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و سەربازی میر دەیسەم کە یەکێک لە وەزیرەکانی توانیویەتی دراو بەناوی خۆی لێبدات.

## ٥.١ گرنگترین سەرچاوەکان

نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە سود وەرگرتن بووە لە چەندان سەرچاوەی جۆراو جۆر، هەندێک لە سەرچاوەکان زانیارییەکانیان دەگمەن بوون و سودی زۆریان بۆ توێژینەوەکە لێوەرگیرا، بە تایبەتی یەکێک لە سەرچاوە بنچینەییەکان، کە گرنگی یەکجار زۆری بۆ توێژینەوەکەمان هەبوو، پەرتوکی (تجارب الأمم)ی (مسکویە، م: ٤٢١ک/ ١٠٣٠ز)، کە خۆی نزیک بووە لە ڕوداوەکان و قسەو باسی زۆری لەسەر ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی ئازربێجان هەیە، هەندێجار خۆی شرۆڤەی ڕوداوەکانی کردووە، بەشێوەیەک لە سەرچاوەکانی تر ئاماژەی بۆ نەکراوە، لەگەڵ ئەمەشدا بە پێی بەڵگە دراوییەکان کەوتۆتە کۆمەڵێک هەڵە لە دیاری کردنی ماوەی فەرمانڕەوایەتی میری ناوبراو. سەرچاوەیەکی تر پەرتوکی (الکامل في التاریخ)ی مێژوونوس (ابن الأثیر، م: ٦٣٠ك/ ١٢٣٢ز)، بە سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی دادەنرێت بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد لە سەردەمی ئیسلامی، چونکە ژمارەیەک هەواڵی دەگمەن و گێڕانەوە لە بارەی کورد لەخۆدەگرێت، ناوبراو لە موسڵ ژیاوەو سەرچاوەی مێژووی کوردەکانی لە بەردەستدا بوە، بۆیە هیچ لێکۆڵەرێک ناتوانێت فەرامۆشی بکات. پشت بە کۆمەڵێک ژێدەری گرنگ بەستراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە بە تایبەت بۆ دراو لێدان لە لایەن میر دەیسەم، لە سەروی هەموویان پەرتوکی (the Coins as Evidence for the History of Armenia and Adharbayjan in the Xth Century AD)ی (Aram Vardanyan) کە لە بنەڕەتدا نامەی دکتۆرایە و لە زانکۆی (Tubingen) وڵاتی ئەڵمانیا ئامادە کراوە، گرنگی ئەم پەرتوکە لەوە دایە، کە خۆی بەشێک لە دراوەکانی بینیوە، کە لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی ئەوروپی پارێزراون، جگە لەوەی سود لە چەندین توێژینەوەی ناوبراو وەرگیراوە لەمبوارە.

## ٢. دەرکەوتنی دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم

ئەوەی زانراوە ئیبراهیم شادکۆ[2] باوکی دەیسەم یەکێک لە پەیڕەوکارانی ڕێبازی ئایینی خەوارج[3]بوو، یەکێک بووە لە بەشداربووانی بزوتنەوەی مساور کوڕی عبدالحمید الشاري[4]، ئەم بزاڤەش ڕێژەیەکی بەرچاو لە کوردەکان پاڵپشتیان کردووە (أیلیا برشینایا، ١٩٧٥، ١٧١-١٧٢). خەلافەتی عەباسی هەوڵی زۆری دا کۆتایی بەم بزاڤە بهێنێت، بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفە المعتز ٢٥٢-٢٥٥/ ٨٦٦-٨٦٩ز و المعتمد ٢٥٦-٢٧٩ک/ ٨٦٧-٨٩٢ز. دوای مردنی مساور ٢٦٣ک/ ٨٧٦ز بزاڤەکە توشی ململانێی ناوخۆ بۆوە لە نێوان سەرکردە کوردەکان و عەرەبەکان، تا دواجار هارون کوڕی عبدالله البجلي الشاري توانی سەرکردایەتی بزاڤەکە بگرێتە دەست و ساڵی ٢٧٢ک/ ٨٨٥ز بە هاوکاری حمدان کوڕی حمدون التغلبي[5] دەست بەسەر موسڵ دابگرێت (الطبري، ١٩٦٧، ١٠/ ٩؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٦/ ٣٤٥-٣٤٦). لەوە دەچێ ئیبراهیمیش مەیلی بە لای ئەم سەرکردەیە بووبێ و پشتگیریی کردووە و لەگەڵی ماوەتەوە (توفیق، ٢٠١٠، ٩٦)، کە لە خەواریجە سوفرییەکان[6] بوو، چونکە ئەو بزاوتەی ئەوان ڕۆڵیان تێدا گێڕا سوفری بوو (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٦/ ٣٨٥؛ حسن، ١٩٩٦، ٢١). خەلیفە المعتضد ٢٧٩-٢٨٩ک/ ٨٩٢-٩٠١ز لێبڕاوانە هەوڵی دا دەسەڵاتی خەلافەت بۆ موسڵ و دەوروبەری بگێڕێتەوە، کوردەکان و عەرەبەکانی موسڵ لە پەیڕەوکارانی خەوارج بەڵێن دەدەن کە خوێنیان بەیەکەوە برژێت لە ڕوبەڕوبوونەوەی سوپای خەلافەتدا (مؤلف مجهول، ١٩٧٢، ٤-١/ ١٤١) سەرەنجام لە ساڵی ٢٨٣ک/٨٩٦ز هەوڵەکانی سەری گرت و توانی دەست بەسەر موسڵدا بگرێت و کۆتایی بە بزاڤەکە بهێنێت– سەرکردەکەشی دەستگیر بکات. ژمارەیەکی زۆریش لە لایەنگرانی کوژران و دەستبەسەرکران- ژمارەیەکی تریش هەڵاتن بۆ هەرێمی ئازربێجان[7] لەوانە ئیبراهیم شادکۆ باوکی دەیسەم (الطبري، ١٩٦٧، ١٠/ ٤٣-٤٤؛ أیلیا برشینایا، ١٩٧٥، ١٧٧؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٦/ ٣٤٩، ٣٨٤). بەپێی سەرچاوەکان لەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ کچی یەکێک لە سەرۆک هۆزە کوردەکان کرد و میر دەیسەم بەرهەمی ئەم ژنخوازییە بوو (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ١٦٤؛ بولادیان، ٢٠٠٩/ ٧٥)، بەمشێوەیە بێت دەیسەم دوای ساڵی ٢٨٤ک/ ٨٩٧ز لە ئازربێجان لە دایکبوو، لەوێش پێدەگات، بەتایبەت لەڕوی توانا سەربازییەکەی (بولادیان، ٢٠١٣، ٩٩) ئەمەش لە وتەی المسعودي دەردەکەوێت لە باسی ئازربێجان کە دەڵێت: "بە جوڵانەوەی خەوارج- الشراة بەناوبانگە" (٢٠٠٠: ٣/ ١١٠) مێژوونوس ئاماژە بەوە دەدات کە دەیسەم بیروباوەڕی لەگەڵ خەواریجەکان بوو، باوکیشی لەسەر ڕێبازی ئایینزای خەواریجی بووە (٢٠٠٠، ٦/ ٦٤).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp146-161

## ٣. ڕۆڵی دەیسەم لە هەرێمی ئازربێجان

لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی (ئازربێجان و ئاران[٨] و ئەرمینیا[٩])[١٠]، لە لایەن والی خەلافەی عەباسی یوسف کوڕی أبي الساج[١١] بەڕێوەدەبرا (مؤلف مجهول، ١٩٧٣، ٤-٦٩/٢/٢) بەڵام پەیوەندییەکانی ناوبراو لەگەڵ خەلافەت ئاڵۆزبوو، بەم هۆیەوەش لە ساڵی ٣٠٧ک/ ٩١٩ز لە بەغدا بۆ ماوەی سێ ساڵ بەند دەکرێت (الصولي، ١٩٩٩، ٢١٩)، لە ساڵی ٣١٠ک/ ٩٢٢ز ئازاد بووە و دەکرێتە والی ئەم ناوچانە (المسعودي، ٢٠٠٠، ٤/ ٣١٠-٣١١). لەو کاتە دایە کە دەیسەم پەیوەندی بە والی ناوبراو کردووە. دەبێتە سەربازێکی نێو سوپاکەی هەنگاوبەهەنگاو پلە سەربازییەکانی بڕیوە، تا دەگاتە پلەی جێگری والی (مؤلف مجهول، ١٩٧٣، ٤-٢/ ٦٩؛ بولادیان، ٢٠٠٩، ٧٦؛ توفیق، ٢٠١٨، ١٧٣). فەرمانڕەوایەتی والی ناوبراو درێژە ناکێشێت- بەهۆی ئەوەی یوسف بەشداریدەکات لە شەڕی دژی قەرمەتییەکان[١٢] لەسەر دەستی أبي طاهر القرمطي م: ٣٣٢ک/ ٩٤٣ز، لە ساڵی ٣١٥ک/ ٩٢٧ز لە نزیک کوفە کوژرا (الصولي، ١٩٩٩، ٢٧٩-٢٨١؛ ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٣١-٣٥). کوژرانی یوسف ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی کە دەیسەم دەست بەسەر هەرێمەکە دابگرێت لە سەرەتای ساڵی ٣١٦ک/ ٩٢٨ز بە نزیکەیی دوای کوژرانی یوسف (بولادیان، ٢٠٠٩، ٧٦)،لە لایەکی تر بزوتنەوە ئایینییەکانی کە لەم ماوەیە سەریانهەڵدابوو ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ دەستپێکی دەسەڵاتی ناوبراو، بەتایبەتی قەرمەتییەکان خەلافەتیان هەراسان کردبوو (الصولي، ١٩٩٩، ٢٣١).

بەڵگەی مێژوویی نوسراومان لەبەردەستدا نییە لەم ماوەیە و شێوازی فەرمانڕەوایەتی دەیسەم، بەڵام بەڵگە دراوییەکان دەریدەخەن کە لەوە ناچێت دەیسەم بەتەواوی کۆنترۆڵی هەرێمەکەی کردبێت، تەنانەت درهەمێکمان هەیە لە ساڵی ٣١٥ک/ ٩٢٧ز لە ئەرمینیا لێدراوە، ناوی یوسف کوڕی دیودادی لەسەرە، وا پێدەچێت لەلایەن جێگرەکەی لێدرابێت، چونکە متمانەی تەواوی بە جێگرەکانی هەبوو (Vardanyan,2004,3)وەک زانراوە یوسف بەر لەوەی بڕوات بۆ جەنگ برازاکەی خۆی الفتح کوڕی الأفشين ٣١٦- ٣١٧ک/ ٩٢٨- ٩٢٩ز وەک جێگر دیاریکرد ئەویش توانی ساڵی ٣١٦ک/ ٩٢٨ز دراو بە ناوی خۆی لە ئەردەبیل[١٣] لێبدات (Vardanyan,2004,4)لە ساڵی ٣١٥ک/ ٩٢٧ز هەر بەپێی بەڵگە دراوییەکان دینارێک لە بەردەعە- برذعة[١٤] لێدراوە، کە ناوی أبو العباس کوڕی المقتدر بالله[١٥] لەسەرە (Vardanyan,2013,104). ئەم کوڕەی خەلیفە پێشوتریش ناوی لە سەر دراوی بنەماڵەی ساجی هەبوو، هاوشان لەگەڵ ناوی یوسف کوڕی دیوداد، بەڵام لەم دراوە بەتەنها و بێ ئەوەی ناوی هیچ ئەندامێکی بنەماڵەی فەرمانڕەوای ساجی لەسەر بێت هەڵکۆڵدراوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین هەر بەپێی بەڵگە دراویەکانەوە بنەماڵەی ساجی بەردەوام بوون لە فەرمانڕەوایەتی کردن تاوەکو ساڵی ٣٢٤ک/ ٩٣٥ز (Vardanyan,2004,3-4)لەم ماوەیەش هیچ ئاماژەیەکی مێژوویی یان بەڵگەی دراویمان نییە، کە تیشک بخاتە سەر دەسەڵاتی دەیسەم لەم ناوچانە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ناوبراو وەک کەسایەتییەکی پایە بەرزی سەربازی لە ناو بنەماڵەی ساجی ماوەتەوە و خزمەتی کردووە، بەڵام نەیتوانیوە دەسەڵات بگرێتە دەست، لە دوای کوژرانی یوسفیش ساجی توشی کێشەی ناوخۆ بووە- بەرەو لاوازی چووە و چەندین سەرکردەیان لە ئاکامدا کوژرا (Vardanyan,2004,4). ئاماژەیەکی مێژووییشمان لە مێژوونوسی دەرەنگوەخت ابن الأثير پێ گەیشتووە، لە گێڕانەوەکانی ساڵی ٣١٩ک/ ٩٣١ز باس لە دانانی کەسێک بەناوی مفلح اليوسفي ٣١٧- ٣٢٤ک/ ٩٢٩- ٩٣٦ز دەکات، وەک والی لە هەرێمی ئازربێجان و ئەرمینیا (١٩٨٧، ٧/ ٦٩). پێدەچێت دەیسەم لە دەوروبەری ساڵی ٣٢٣ک/ ٩٣٤ز چەند سەرکەوتنێکی تۆمارکردبێت (بولادیان، ٢٠٠٩، ٧٦)، سەرچاوە عەرەبییەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێکهاتەی سوپای دەیسەم بەشی هەرە زۆری کورد بوون کەمێکیان لە دەیلەم و ڕەگەزی تر بوون (مسكويه، ٢٠٠٠، ٦/ ٦٢؛ ابن الأثير، ١٩٨٧، ١٦٤/٧ ) بەڵگە دراوییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە دوا فەرمانڕەوای ساجی هەریەکە لە أحمد کوڕی أمير المؤمنين٣٢٤ک/ ٩٣٥ز، و عبدالله کوڕی المحفوظ٣٢٤ک/ ٩٣٥ز بوون. ئەوان ناویان بەیەکەوە لەسەر درهەمێکی ئەردەبیل ساڵی ٣٢٤ک/ ٩٣٥ز هاتووە. ناوی أحمد کوڕی أمير المؤمنين، و بالدو مولة أمير المؤمنين، ناویان لەسەر دیناری ئەردەبیل لە هەمان ساڵدا هاتووە، هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا دراوی خەلیفەی عەباسی لە هەمان ساڵ لەو شارە لێدراوە(Vardanyan,2013,116-117) . دیار نەمانی ناوی ئەو کەسایەتییانە لە بنەماڵەی ساجی ٢٥٦- ٣٢٤ک/ ٨٦٩- ٩٣٥ز لەسەر دراوەکان دەکرێت بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سیاسی– سەربازی ساجی دابنرێت لە هەرێمەکە، چونکە دراوی کۆتایي تەنها ناوی خەلیفە الراضي ٣٢٢- ٣٢٩ک/ ٩٣٤- ٩٤٠ز لەسەر هەڵکۆڵدراوە(Vardanyan,2004,5) ، ئەمانەش بە کۆتا دراو دادەنرێت کە لەژێر دەسەڵاتی ساجی لێدرابێت لە هەرێمەکە، هەموو ئەو بەڵگانەی خرانە ڕو ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە دەیسەم پێش ساڵی ٣٢٥ک/٩٣٦ز نەیتوانیوە بەتەواوی لە هەرێمەکە دەسەڵات بگرێتە دەست. بەڵام دەیسەم لە ساڵی ٣١٨ک/ ٩٣٠ز توانی دەوروبەری خۆی یەکبخات و سەرۆکایەتی هۆزە کوردییەکان بکات، بەئاراستەی ئازربێجان پێشڕەوی بکات، کە لەم ماوەیە ٣١٧- ٣٢٤ک/ ٩٢٩- ٩٣٥ز هەرێمەکە بە پشێوی باری سیاسی دا تێپەڕبوە، ئەمەش زیاتر لە ئاکامی ململانێی سەرکردە سەربازییەکانی ساجی لەسەر دەسەڵات (Vardanyan,2004,4) و هێرشکاری دەرەکی بەتایبەتی ڕۆمەکان بوو (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٦٩-٧٠) ئەم بارە ناهەموارەش وای کردووە کە دەیسەم بە ئاسانی و بەبێ شەڕ هەرێمەکە دەست بەسەر دابگرێت (Vardanyan,2013,119).

## ٤. میردەیسەم و لێدانی دراو

پێش دەیسەم لە چەند ناوچەیەکی جیاجیا دەسەڵاتداری کوردی هەبووە، بەڵام نەیانتوانیوە بەو ڕادەیە سەربەخۆ بن و دراو لێبدەن. پێش ئەوەی دراوناسی ڕوسی بیکوف- Bykov لە ساڵی ١٩٥٥ز دوو درهەمی میر دەیسەم بڵاوبکاتەوە- هیچ جۆرە بڵاوکراوەیەک لەسەر دراوی ئەو فەرمانڕەوایە نەبوو. لە ساڵی ١٩٧١ز جارێکی تر دوو درهەمی ناوبراوی بڵاوکردەوە، ئەمانە بە یەکەم بڵاوکراوە دادەنرێت لە سەر دراوی ئەم دەسەڵاتدارە، ئەمەش وای لە دراوناس- Numismatic ەکان کرد گرنگی زیاتر بە دراوی ئەم فەرمانڕەوایە بدەن (Vardanyan,2013,128). دراوەکان دەتوانن هاوکاربن لە زانینی مێژووی ئەو هەرێم و ناوچانەی فەرمانڕەوایەتی تێدا کردووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی، دەری بخەن کە جۆری فەرمانڕەوایەتییەکەی چۆن بووە، هەرچۆنیک بێت دراوەکان ڕێگەیان نەدا بە ناوبراو ئەنجامی کۆتایي بە دەستەوە بدات- لەسەر دەسەڵاتدارێتیی دەیسەم لەم هەرێمانە. دوای بیکوف ژمارەی دراوە دۆزراوەکان ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبوون دان، بەشی هەرەزۆری دراوەکانیش لە مەزادخانەکان- بازاڕ دەرکەوتن، لەم ساڵانەی دواییش چەندین دراو لە ڕۆژنامەکان باسکراون، ئەوانی تریش لە چەندین بڵاوکراوە و مۆزەخانە پارێزراون (Vardanyan,2013,128؛ الجابر، ٢٠٠٥، ٣/ ٤١). بەپێی ئەوەی لەبەردەستە میر دەیسەم دوای ئەوەی دەسەڵاتی ناوچەکەی گرتە دەست، یەکەم دراوی بە ناوی

خۆی لێدا، لە سکەخانەکانی ئەم شارانە ، چونکە سکەخانەکان پێشوتر لە لایەن بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان ساجی و خەلافەتی عەباسی بەکاردەهات. دەیسەم دەستی بەسەر ئەم هەرێمانە داگرت، ڕاستەوخۆ سکەخانەکەشی کەوتۆتە دەست (Akopyan,Mosanef,2010,6-8). لەوە دەچێ بەهۆی ئەو پاشخانە ئایینییەی لەگەڵ خەواریجەکان هەیبوو، چونکە تا ئەو قۆناغەی دراوی لێداوە بەگوێرەی سەرچاوەکان هەر خەواریج بوو. دەکرێ کاریگەری ئەوانی لەسەر بووبێت، بەتایبەتیش خەواریجەکان هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیان دەستیان بە لێدانی دراو کردووە بە دروشمی خەواریجییانە و ناوی سەرکردەکانیان (یوسف، ٢٠٠٦، ١١٧-١١٩؛ نتو، ١٤٣٢هـ، ٣٠؛ مشیری، ١٣٨٩هـ.ش، ٧٩- ٨٤). خۆشی لە خزمەت بنەماڵەی ساجی بوو، ماوەیەکی زۆر خزمەتی کردووە. وادەردەکەوێت بیرۆکەی دراولێدانی لەوانیشەوە وەرگرتبێت، بەتایبەتی دەسەڵاتدارە ساجییەکان ٢٥٦- ٣٢٤ک/ ٨٦٩- ٩٣٥ز تا کۆتا ساڵی فەرمانڕەوایەتییان دراویان لێداوە (Vardanyan,2013,116-117). حەزو ئارەزوی ناوبراویش نابێ فەرامۆش بکرێت کە پشتگیری دراو لێدانەکانی دەکەن، چونکە دراو ڕێگایەکی بنەڕەتییە بۆ نیشاندانی سەربەخۆیی و ڕەوایەتی فەرمانڕەوایی وەک میری دەستبەسەرداگیر- امیر الإستیلاء[١٦].

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی دراولێدانەکانی دەیسەم ئەوەیە دراوەکانی هاوشێوەی دراوی خەلیفە بوون. ئەم دیاردەیەش پاشخانێکی سیاسی هەبوو (Vardanyan,2013,129). ئەو هەرگیز تایبەتمەندی دراوەکانی پێشوتری دووبارەنەکردەوە کە جێبەجێکرابوون لە لایەن ساجییەکانەوە، ناوی خەلیفە و کوڕەکەی، هەندێ جاریش زیاد لە دەسەڵاتدارێکییان دەنوسی (Vardanyan,2013,65-70) هەرچەندە دەیسەم وەزیر و نوسەری هەبوو، بەڵام ناویان لەسەر دراوەکان نەهاتووە. شێوازی نەخشاندنی دراوەکان، نەخشەسازی و هەڵکۆڵینەکان زۆر بەکارامەیی و شارەزایی لێدراون، هەڵکۆڵدراوەکانی دراوەکانی بە ڕێنوسی کوفی نوسراون کە باوترین ڕێنوس بووە بۆ نووسین لەم کاتەدا. ئەو شێوازە ڕازاندنەوە بۆ کارزانی و بەهرەمەندی و دەستڕەنگینی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە کاری دراولێدانەکانی کردووە لە سکەخانەکان (بیکوف، ٢٠٢٠، ١٠٨). دراولێدانەکان لە ماوەی یەکەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی چڕکراونەتەوە لە سکەخانەکانی باکوری ئەرمینیا و شاری بەردەعە. ئەوانەی باشوریش لە ئەردەبیل و مەراغە[١٧] و ئازربێجان (Vardanyan,2013,128). بەڵام ماوەی دووەمی دراولێدانەکان دەتوانین پەیوەست بکەین بە شاری ئەردەبیل و سکەخانەی ئازربێجان (بیکوف، ٢٠٢٠، ١٠٩- ١١٠) ئەوەی تا ئێستا دەزانرێ هیچ دراوێکی لە سکەخانەکانی بەردەعە و مەراغە و ئەرمینیا لە ماوەی دووەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی لێنەداوە (Vardanyan,2013,129). میر دەیسەم هەریەک لە دیناری زێڕ و درهەمی زیوی لێداوە.

سەبارەت بە کێشی دراوەکان لە کۆی ٣٦ دراوی دۆزراوەی زێڕ و زیو، ٣٠ دراو لەم ژمارەیە کێشراون، ناوەندە کێشی درهەمەکان- زیو ٣.٣٥ گرام بوو، دینارەکان– زێڕ ٤.١٥ گرام بوو (Vardanyan,2008,13) ئەم دراوانە وەک بیکوف (٢٠٢٠، ٢٠٧) بەراوردی کردون بەپێی زانستی دراو بۆی دەرکەوتووە هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندی دراوەکانی ئەو سەردەمەی هەبووە بە پێی پێکهاتە و زمانی نوسین. دراوەکان بەیەک شێواز لێدراون، ڕوی دراوەکە تایبەتە بە گوێڕایەڵی بۆ خودا بە سێ دێر نوسراوە، بازنەی یەکەمی وشەی بسم الله شوێنی لێدانی دراو و ساڵی لەسکەدانەکە نوسراوە، بازنەی دووەم بریتییە لە نوسینی بەشێک لە ئایەتەکانی ژمارە ٤-٥ لە سورەتی الروم پشتی دراوەکە بریتییە لە گوێڕایەڵی بۆ پەیامبەری ئیسلام و ناوی خەلیفەی سەردەم و لە ژێرەوەش ناوی خۆی نوسیوە، بازنەکەی، دوای نوسینی ناوی پەیامبەری ئیسلام ئایەتی ٣٣ لە سورەتی التوبة نوسراوە (الجابر،٢٠٠٥، ٤١/٣).

خشتەی ژمارە ١

شێوازی نوسراوی سەر هەردوو ڕوی دراوەکانی میر دەیسەم

| ڕوی دراو | پشتی دراو |
| --- | --- |
| لا اله الا | الله |
| الله وحده | محمد |
| لاشريك له | رسول الله |
| بازنەی ١: بسم الله ضرب الهذا الد... بـ...(ناوی شار یان هەرێم) سنة ... و... وثلثمائة | خەلیفەی سەردەم |
| بازنەی٢: لله الامر من قبل ومن بعد يومئذ يفرح المؤمنون بنصرالله | ديسم بن ابراهيم |
| | بازنەکەی: محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولو كره المشركون |

## ٥. پەیوەندی میر دەیسەم لەگەڵ خەلافەتی عەباسی

لە سەرچاوە هاوچەرخەکاندا هیچ زانیارییەک نییە کە خەلیفە الراضي بالله هەرگیز دەیسەمی وەک والی- فەرمانڕەوا یاخود دەسەڵاتدارێکی شەرعی- فەرمی ناساندبێت، لە هەرێمی ئازربێجان و ئەرمینیا، وەک ئەوەی پێشوتر کراوە لە لایەن خەلیفەوە کاتێک ساجییەکان قبوڵکراون و کراونەتە والی ئەم ناوچانە (الصولي، ١٩٧٩، ٢٦٨؛ مؤلف مجهول، ١٩٧٢، ٤-١/ ٢١٧). ڕون نییە کە ئایا دەیسەم باجی ساڵانەی بە خەلافەت داوە، ئەگەر داویەتی بڕەکەی چەند بووە (Vardanyan,2013,129)، بەڵام ناوبراو هەرگیز سەردانی بەغدای نەکردووە لە ماوەی یەکەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی بۆ ئەوەی یارمەتی لە خەلیفە وەربگرێت (الصولي، ١٩٧٩، ٩٠-١٠٨، ٢١٣-٢٣١)

هەموو ئەمانەش لەوەدەچێ بۆ تاکە هۆکارێک بگەڕێتەوە، کە دەیسەم تا ئەوکاتە لەسەر بیروباوەڕی خەواریج بوو، یان بە لایەنی کەم تا ساڵی٣٣٠ک/ ٩٤١ز لەسەر ئەم بیروباوەڕە ماوەتەوە (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ١٦٤). مسکویە لە میانەی یاداشتکردنی ڕوداوەکانی ساڵی ٣٣٠ک/ ٩٤١ز کاتێک پەیوەندی نێوان دەیسەم و یەک لە وەزیرەکانی بە ناوی أبو القاسم علي کوڕی جعفر تێکدەچێت، ناوبراو پشت لە دەیسەم دەکات، ململانێکە بۆ کێشەی مەزهەبی دەگێڕێتەوە، وەزیر پەیوەندی بە مرزبان کوڕی محمد[١٨] دەکات، هەردووکیان کە لە ڕوی مەزهەبییەوە یەکانگیر و هاوسۆز و هاوهەڵوێست بوون لەسەر ڕێبازی شیعەی باتینی[١٩]، بەپێچەوانەوە دەیسەم لە ڕوی بیروباوەڕەوە هاوسۆز بوو لەگەڵ خەواریجەکان. دەیلەمەکان بەگشتی لەم قۆناغە مەیلیان بەلای شیعەگەری- باتینی دابوو (٢٠٠٠، ٦/ ٦٤)، بۆیە لە قۆناغەک لە قۆناغەکانی کاری سیاسی، خەواریجبوونی کێشەی بۆ ناوەتەوە، بەڵام بەڵگە دراوییەکان شتێکی تر دەخەنەڕو، ئەویش ئەوەیە لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات لە ساڵی ٣٢٥ک/ ٩٣٦ز کە دەیسەم دراو لێدەدات بۆ یەکەمجار لە شاری بەردەعە لەژێر ناوی خەلیفە الراضي بالله ناوی خۆی دەنوسێت (بیکوف، ٢٠٢٠، ١٠٨). بێگومان ئەمەش داننانە بە دەسەڵاتی خەلیفە تەنانەت ئەگەر بریتی بێت لە داننپێدانانێکی هەربەناو کە مەبەست لێی

ڕازیکردنی دامەزراوەی سیاسی- ئایینی خەلافەت بەو قەوارە نوێیە، کاتێک سەرکردەیەکی باڵای خەواریجی بەمشێوەیە دان بە دەسەڵات و سەروەریەتی باڵای خەلیفە دادەنێت، بە مانای ئەوە دێت کە تارادەیەک دەستی لە تێزە بنەڕەتییەکانی نێو بیروباوەڕی خەواریجی هەڵگرتووە- لەسەروی هەمووشیانەوە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی پێشەوای ستەمکار کەمتر کەسیەتی خەواریجییانەی خۆی لە کردەی سیاسیدا زاڵ دەکات، ئەم پەرەسەندنانەی ئاراستەی چالاکییەکانی دەیسەم، مانای ئەوەیە بەرە بەرە لە سەرکردەیەکی خەواریجی نەیار بەدەسەڵات بوٚتە میرێکی فەرمانڕەوا، کە پەیوەستە بەو زەمینەی لێی بەرپرسیارە. بەپێی ئەو ڕێساییانەی لەو سەردەم باوبوو- هەوڵی داوە ڕەوایەتی بۆ دەسەڵاتەکەی فەراهەم بکات (لەشکری، ٢٠١٣، ١٩٣)، هەر بۆیە هیچ دەستەواژەیەکی خەواریجییانە لەسەر ڕووی دراوەکان نابینرێت (الحسيني، ١٩٦٩، ٢/٣٢-٣٥؛ مشيرى، ١٣٨٩هـ.ش، ٣١، ١٢٣، ١٢٥). لەوە دەچێ هەر لەم قۆناغە بێت دەستی لە باوەڕەکەی هەڵگرتبێ، ئەمەش لە وتەی المسعودي دەردەکەوێت، کاتێک لە شوێن و ناوچەی خەواریجەکان دەدوێت لەوانەش خەواریجەکانی ئازربێجان ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانە لە بیروباوەڕی دەیسەم دەکات (٢٠٠٠، ٣/ ١١٠).

دراوەکانی دەیسەم هەمووی بە یەک شێوە لێدراون، لە هەر ساڵێکی فەرمانڕەوایەتییەکەی دراوی لێدابێت ناوی خەلیفەی سەردەمی لە سەرووی ناوی خۆی نوسیوە، دەیسەم ئاگاداری گۆڕانی خەلیفەکان بوو، کاتێک خەلیفە الراضي بالله لە ساڵی ٣٢٩ک/ ٩٤٠ز ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، خەلیفە المتقي الله ٣٢٩- ٣٣٣ک/ ٩٤٠- ٩٤٤ز جێگای دەگرێتەوە (الصولي، ١٩٧٩، ١٨٣، ١٨٧)، دەیسەم کە دراو لێدەدات لە ماوەی ساڵانی ٣٢٩-٣٣٠ک/ ٩٤٠- ٩٤١ز ناوی ئەو خەلیفەیە لەسەر دراوەکان دەبینرێت (بیکوف، ٢٠٢٠، ١٠٨).

بەهەمان شێوە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی دووەمدا ٣٣٨-٣٤١ک/ ٩٤٩-٩٥٢ز جارێکی تر بە ناوی خەلیفەوە دراو لێدەدات، لە ڕووی مێژووییەوە ئەوە دەزانین کە ناوبراو دوای تێکشکاندنی لەلایەن سالارییەکان لە ساڵی ٣٤١ک/ ٩٥٢ز چوٚتە بەغدا، بۆ ئەوەی یارمەتی لە معز الدولة[٢٠] میری بوەیهیی وەرگرێت بۆ دوبارە گەڕانەوەی دەسەڵاتەکەی، ناوبراو بەگەرمی پێشوازی لێکردو و ڕێزی لێ گرتووە، تەنانەت موچەیەکی ساڵانەشی بۆ دەبڕێتەوە، نازناوی الأخ أبو السالمی پێدەدات (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ١٨٦؛ ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٢٤٥). نزیکەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە (کسروی، ١٣٥٧هـ.ش، ٩٧) لە سەرچاوەکان ئەوە نایەتە باس کردن دەیسەم سەردانی کۆشکی خەلیفەی کردبێت و چاوی پێ کەوتبێت، ئەگەرچی زۆرجار دەیوت "خۆشترین کاتەکانی ژیانی من ئەو ڕۆژانەبوو کە لە بەغدا دەژیام" (مسکویە،٢٠٠٠، ١٨٦/٦)، بۆیە بەدور نازانرێ سەردانی خەلیفەشی کردبێت. بەڵام سەرچاوەکان تۆماریانەکردووە. ئەوەش نابینرێت دەیسەم داوای یارمەتی سیاسی و سەربازی لە خەلیفە کردبێت (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ١٨٦؛ ابن الأثير،١٩٨٧، ٧/ ٢٤٥)، ناوبراو لە هەموو ئەو ماوەی کە دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە هیچ کاتێک دژی دامەزراوەی خەلافەت کاری نەکردوە، بەڵکو بەتەواوی دانی بە سەروەرێتی ئەم دامەزراوە ئایینی- شەرعییە ناوە، ئەمەش لە ڕێگەی دراولێدانەکان دەردەکەوێت.

**٦. فراوانخوازیەکانی میر دەیسەم بە پێی دراوەکانی:** ئەو ماددە مێژووییە دەتوانێت زانیاری گرنگ لەسەر حوکمڕانی میر دەیسەم لە ئازربێجان و ناوچە سنوریەکانی نزیکی بدات بە دەستەوە. ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی بەپێی بەڵگە مێژوویی و دراوییەکان دابەشی دوو قۆناغ دەبێت:

## ٦. ١ قۆناغی یەکەم: ماوەی ساڵانی ٣٢٥-٣٣٠ک/ ٩٣٦- ٩٤١ز

ئەم قۆناغە بە لێدانی یەکەم دراو دەستپێدەکات لە ساڵی ٣٢٥ک/ ٩٣٦ز لە شاری بەردەعە دوای ئەوەی توانی دەسەڵات لە ئازربێجان بگرێتە دەست (بیکوف، ٢٠٢٠، ١٠٨). ئەمەش نمونەیەکی دراوەکەیە:



١- کێش: ٢.١٥ گرام، تیرە ٢٣ ملم (Vardanyan,2008,No.1).

نمونەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنێت دەیسەم لەم ساڵە توانیویەتی ببێتە دەسەڵاتداری ناوچەکە، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بێت، کاتێک لشکری کوڕی مردی[٢١] هێرشی کردە سەر ئازربێجان، میر دەیسەم دەسەڵاتداری هەرێمەکە بووە (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٦؛ مؤلف مجهول، ١٩٧٣، ٤-٢/ ٦٩؛ ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ١٤٠). کەواتە میر دەیسەم ساڵی ٣٢٦ک/ ٩٣٧ز لە شارەکە ماوەتەوە و دراوی لێداوە بەهەمان شێوەی دراوی ساڵی پێشوو (Tornberg,1870,229). دراوناسەکانی پێشوو کێشەیان لەگەڵ خوێندنەوەی ناوی سەر دراوەکە هەبوو، یەکەم کەس کە هەوڵی داوە ناوی پشتی دراوەکە بخوێنێتەوە، توێژەر تورنبێرگ- Tornbergبوو- ئەوەبوو ناوی الراضی باللهی خوێندەوە، هەوڵیدا نوسراوی ژێر ناوی خەلیفەش بخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو- خوێندنەوەیەکی تەواو جیاوازی بۆ کرد. پێشنیاری دوو ناوی کرد، ئەوانیش: ابو احمد و المویر ابن (229 ,1870). ئەم دوو ناوە لە ڕووی مێژووییەوە ناناسرێن، بۆیە هەمان دراو لە لایەن دراوناس تایسنهاوسن- Tiesenthausenهەوڵدرا بخوێنرێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە خوێندنەوەکەی، هەروەها یەکێکی تر لە دراوناسەکان بە ناوی پاخوٚمۆڤ- Pakhomov ئەوەی ڕاگەیاند دەکرێت خوێندنەوەکانی تۆرنبێرگ بە ئەستەم قبوڵ بکرێن ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە بگونجێت (Vardanyan,2013,131). لە ڕووی مێژووییەوە بروانین دەتوانرێت پێشنیاز بکرێت بەشە نەخوێنراوەکەی سەر دراوەکە دیسم ابن ابراهیم الکردیە، بەهۆی ئەوەی لشکری ساڵی ٣٢٦ک/ ٩٣٧ز ئازربێجانی گرت، دەیسەم ناوچەکەی جێهێشت و لە ڕوباری ئاراس پەڕیەوە و بەرەو باکور چوو، هەرچەندە لشکری کوڕەکەی خۆی لشکرستانی نارد بە دوایدا (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٢٤١). بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە کە پشتگیری ئەوە بکات ناوبراو هیچ شارێکی داگیرکردبێت لە هەرێمی ئاران و ئەرمینیا، لەوە دەچێ ڕاستەوخۆ دوای هەڵمەتەکە گەڕابێتەوە لای باوکی (Vardanyan,2013,131). لەلایەکی تر ساڵی ٣٢٦ک/ ٩٣٧ز ناصر الدولة[٢٢] ئامۆزاکەی خۆی أبي عبدالله الحسين بن سعد بن حمدان وەک جێگر لەسەر ئازربێجان دیاریکرد، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان ئەویش پێشڕەوی نەکرد بەرەو باکور (مؤلف مجهول، ١٩٧٣، ٤-٢/ ٦٩). بە خستنەڕووی سەرچاوەکان دەتوانرێت وا دابنرێت وشە ناڕونەکەی سەر دراوەکەی بەردەعە، دیسم کوڕی ئیبراهیمە، بەهۆی ئەوەی هەموو دراوەکان گونجاون لەگەڵ هەڵکوڵدراوەکان، ناوی

فەرمانڕەواکەی لەژێر ناوی خەلیفە نووسیوە، بۆیە خراپبوونی بەشێک لە دراوەکە وای کردووە کە ڕەچەڵەکی ئیبراهیم بە هەڵە بخوێنرێتەوە (Vardanyan,2013,131). لە ساڵی ٣٢٦ک/ ٩٣٧ز بەر لە هێرشکاری لەشکری بۆ هەرێمەکە، میر دەیسەم سەردانی شاری مەراغە دەکات و لەگەڵ گەیشتنی بە شارەکەش دراو لێدەدات، کە دیناری زێڕ بوو. وەک ئەم نمونەیە:



٢- کێش: ٣.٤٤ گرام، تیرە:؟ (zeno.ru, 2018, No.209438).

بەمشێوەیە میر دەیسەم لە نێوان هەردوو شاری بەردەعە و مەراغە لە یەکێکیان ماوەتەوە، بەڵام بەپێی ڕوداوە مێژووییەکان لەوە دەچێت لە شاری مەڕاغە مابێتەوە. لە ماوەی نێوان ساڵانی ٣٢٥- ٣٢٦ک/ ٩٣٦- ٩٣٧ز. لە ماوەی دوو مانگ سوپاکانیان دوو جار بەریەک دەکەوێت. سوپای دەیسەم زۆربەی لە کوردەکان پێکدەهات هەردوو جار شکست دەخوات (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٦-٧؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ١٤٠) سەرەنجام لشکری دەتوانێت ئازربێجان داگیربکات تەنها شاری ئەردەبیل نەبێت، دانیشتوانەکەی مامەڵەی خراپی دەیلەمەکانیان بیستبوو, لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمی چیا و بەتایبەت شاری هەمەدان، ئەمەش وای کرد بەدڵسۆزی بەرگری لە شارەکە و لە خۆیان بکەن، دوای گەمارۆدانێکی سەخت و درێژخایەن لشکری توانی بچێتە ناو شارەکە. بەڵام دانیشتوانی شار نامەیان بۆ دەیسەم ناردو داوای هاوکاریان لێکرد، بۆیە جارێکی تر پێکدادان لە نێوان هەردوو سوپادا ڕویدا، ئەمجارە بە سەرکەوتنی سوپای دەیسەم شەڕەکە بە کۆتا هات و شارەکەش کەوتە دەست دەیسەم ( مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٧-٨؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ١٤٠). لەم ماوە کورتەش دراوەکانی لە شاری ئەردەبیل لێداوە[٢٣]. لە کاتێکدا لشکری بە تێکشکاوی پەنای بردۆتە بەر ابن دولة فەرمانڕەوای موقان[٢٤] ئەو کاتەی کە لشکری سەرقاڵی پێکهێنانی سوپا بوو، میر دەیسەم لە شارەکە دراوی لێداوە، کە دیناری زێڕ بوون، ئەمەش مانای وایە دەسەڵاتی شارەکە و هەرێمەکەی بە تەواوی گرتۆتەوە دەست (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ١٤٠- ١٤١؛ کسروی، ١٣٥٧هـ.ش، ٦٨- ٦٩). ئەمەش نمونەی دراوەکانە:



٣- کێش: ٤.٢٣ گرام، تیرە ٢٣ ملم (Baldwin's Islamic Coin, 2005, No.279).

دوای ئەوەی لشکری بە هاوکاری هاوپەیمانەکەی سوپای کۆکردەوە جارێکی تر هێرشی کردەوە سەر ناوچەکە، ئەمجارە هێزەکانی دەیسەم تێکدەشکێن، ناوچەکەش دەکەوێتە دەست هێرشبەران، بەپێی بەڵگە دراوییەکان دەیسەم بەر لەوەی بچێت بۆ شاری ڕەی[٢٥] سەردانی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە بەردەعە کردەوە، هەردوو دینار و درهەم، دۆزراونەتەوە- تا ئێستا ڕێککەوتی ساڵی ٣٢٧ک/ ٩٣٨ز لەسەرە و لە بەردەعە لێدراون، ئەم بەڵگەیەش وادەکات بڵێین کە میر دەیسەم تا ئەو ساڵە لەو شارە ماوەتەوە (Vardanyan,2013,133)، نمونەی ئەم جۆرە دراوەش بەمشێوەیە:



٤- دینار: کێش: ٤.١٦ گرام، تیرە ٢٢ ملم (Vardanyan,2013,No.120).



- درهەم: کێش:١.٥٢ تیرە: ٢٢ملم (zeno.ru,2017,No.185094; Vardanyan,2008,No.5).

لە کۆتاییدا لشکری تەواوی زەوییەکانی داگیرکرد بە شاری ئەردەبیلیشەوە، ناوبراو هەڵسا بە لێدانی دراو بە ناوی خەلیفە، بێ ئەوەی ناوی خۆی لەسەر بنەخشێنێت، دیناری لە شاری ئەردەبیل لێداوە (Vardanyan, 2013,134) وەک ئەم نمونەی خوارەوە:



٦- کێش: ٤.٤٧ گرام، تیرە: ٢١ ملم. (Morton/Eden18,2006,No.28; Baldwin's Islamic Coin10,2005,No.135).

خشتەی ژمارە ٢

نوسراوی سەر دراوی ژمارە ٦

| ڕوی دراو | پشتی دراو |
|---|---|
| لا اله الا | الله |
| الله وحده | محمد |
| لاشريك له | رسول الله |
| ــه | الراضي بالله |
| بازنەی ١: بسم الله ضرب الهذا الدينار بـاردبيل سنة سبع و عشرين وثلثمائة | بازنەکەی: محمد رسول الله أرسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولو كره المشركون |
| بازنەی٢: لله الأمر من قبل ومن بعد يومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله | |

لەوە دەچێ لشکری بە ناونەهێنانی خۆی لەسەر دراوەکە ئاواتەخواز بوویێت، بەهۆی ئەو وەفاداریەی بۆ خەلافەتی هەبوو، وەک فەرمانڕەوای ناوچەکە دانی پێدا بنرێت. وردەکارییەکی بچوکی سەر ڕوی دراوەکە دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە لە لایەن میر دەیسەمەوە لێنەدراوە، چونکە دەیسەم لە شەڕەکەدا شکستی هێنا و شارەکەشی لە دەست دا، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر نوسینی پیتی (ـه) لە بنکەی ژێرەوەی سەر ڕوی دراوەکە ئەم بەڵگەیە پشتڕاستدەکاتەوە کە لەلایەن دەیسەمەوە لێنەدراوە. دیناری ئەردەبیلی ساڵی ٣٢٧ک/ ٩٣٨ز تاکە کێشەی دراوی نەناسراو نین کە لەم ساڵە لێدراوە. دینارەکان هەڵگری هەمان ساڵن لە شاری مەراغە لێدراون. بەڵام خاڵی جیاکەرەوەیان ئەوەیە کە هیچ پیت و نیشانەیەکیان لەسەر نییە ( Vardanyan, 2013,134). وەک لەم نمونەیە دیارە:



٧. کێش: ٤.٠٠، تیرە: ٢١ ملم. ( Morton/Eden 17, 2005, No. 764; Baldwin's Islamic Coin10, 2005, No. 139)

لشکری لە ئەردەبیلەوە بە ئاراستەی ڕۆژئاوا ڕۆیشت تا گەیشتۆتە مەراغە (Vardanyan,2013,134). ئەم شارە وەک ڕێگای بازرگانی خزمەتی کردووە، لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا (ابن حوقل، ١٩٩٢، ٢٩٦-٢٩٧؛ المقدسي، ٢٠٠٣، ٢٨٨؛ رسول، ٢٠٠١، ١٢٦). هیچ بەڵگەیەکی پشت ڕاستکەرەوەمان لە بەر دەست نییە کە ئەم دراوانە لە لایەن حسن ابن سعید٣٣٨ک/ ٩٤٩ز لێدرابێت، کە ئەو کاتە مامەکەی ناصر الدولة الحمداني وەک جێگری خۆی لە هەرێمەکە دیاریکردبوو، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش ناوبراو توانیبێتی دەست بەسەر شاری مەراغە دابگرێت، لەوەناچێ دراوی لێدابێت. بەبێ ناو هێنانی مامی کە ئەوکات پێگەیەکی زۆر بەرزی لە دەرباری خەلافەت هەبوو (الدوری، ١٩٧٥، ١٠١). میر دەیسەم بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی پەنای بردە بەر وشمگیری کوری زیار ٣٢٣- ٣٥٧ک/ ٩٣٤- ٩٦٧ز لە شاری ڕەی، ناوبراویش بە چەند مەرجێک ئامادەیی دەربڕی بۆ یارمەتیدانی، ڕاڤەی ابن الأثیر بۆ ئەمە، پێوایە وشمگیر لە فراوانخوازییەکانی لشکری ترساوە (١٩٨٧، ٧/ ١٤١). مەرجەکان بریتی بوون:

١. دەیسەم سەد هەزار دینار- زێر وەک باجی ساڵانە بدات بە خەزێنەی وشمگیر (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٩؛ کسروی، ١٣٥٧هـ.ش، ٧٠).

٢. پێدانی دە هەزار درهەم بە سوپاکەی. واتە تەواوی خەرجی سوپاکە لە ئەستۆی دەیسەم بێت (مسکویە، ٢٠٠٣، ٩/٦).

٣. خوێندنەوەی وتاری هەینی لە تەواوی هەرێمی ئازربێجان، بەناوی وشمگیر، لەو کاتەی کە سوپا دەگاتە ناو سنوری هەرێمەکە ئەویش شاری (خونج)[٢٦] ە (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٩؛ کسروی،١٣٥٧هـ.ش، ٧٠)

٤. لە بەرامبەر ئەمەدا وشمگیر بە سوپای سوارە یارمەتییەکانی پێشکەش بە دەیسەم کرد (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٩).

٥. دوای سەرکەوتنیان دەیسەم دەبێت تەواوی سوپاکە بگەڕێنێتەوە بۆ شاری ڕەی (کسروی، ١٣٥٧هـ.ش، ٧٠؛ بولادیان، ٢٠١٣، ١٠١).

وشمگیر سوپایەکی دەهەزار سەربازی کوردو جگە لەوانیش خستەبەردەستی دەیسەم. بە ئاراستەی ئازربێجان هەنگاوی نا. کاتێک هەواڵی پێشڕەویکردنی ئەم سوپایە بە لشکری گەیشت، هەوڵیدا بیانوو بۆ فراوانخوازییەکانی بهێنێتەوە کە مەبەستی یاخبوون نەبووە لە دەسەڵاتی وشمگیر، بەشێک لە سەرکردەکانی سوپاکەشی بەنهێنی نامەیان بۆ نارد، ئەوەیان ڕونکردبۆوە مانەوەیان لەناو ئەم سوپایە بەناچارییە، هەرکات سوپای وشمگیر بگاتە هەرێمەکە. ڕیزی سوپای لشکری جێدەهێڵن و پەیوەندی بە سوپاکەت دەکەین، ئەم نامەیە دەکەوێتە دەست یەکێک لە سەکردەکانی سوپای لشکری بەناوی بلسوار کوڕی ملک کوڕی مسافر (کسروی، ١٥٣٧ش. هـ، ٧٠-٧١)، لە لایەن لشکری ڕاسپێردرابوو بۆ چاودێریکردنی جوڵەی سوپای دەیسەم. ئەم هەنگاوەش ترسێکی گەورەی خستە دڵیەوە (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٩). لەم کاتەشدا یەکێک لە هاوپەیمانە دڵسۆزەکانی لە دەستدا، ئەویش ابن دولة ٣٢٧ک/ ٩٣٨ز بەهۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی ئاوڵە لە الاصفهبذ[٢٧] گیانی لەدەستدا (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٩). لشکری سەرکردەکانی سوپاکەی کۆکردەوە و پێشنیازی ئەوەیان کرد بەرەو ناوچەی ئەرمەنەکان بڕۆن کە فەرمانڕەوایەکی بە هێزی نەبوو، پاش تاڵانکردنی ناوچەکان بەرەو زوزان- نەخچەوان دواتر بەرەو موسڵ بچن، بەڵام وا دیارە لەناوچەی ئەرمەنەکان هێرشیان کردۆتە سەر جوتیارەکان و تاڵانی و خراپەکارییان ناوەتەوە. سەرەنجام لە لایەن ئەرمەنەکانەوە لشکری کوژرا، کوڕەکەی لشکرستان جێگای گرتەوە، ئەویش لەگەڵ بەشێک لە سوپاکەی باوکی بەرەو موسڵ چووە (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ١٠-١١؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ١٤١؛ کسروی، ١٣٥٧هـ.ش، ٧١). مێژوونوسان ئەم ڕوداوانەیان لە ساڵی ٣٢٦ک/ ٩٣٧ز تۆمارکردووە (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٩-١١؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ١٤١/٦-١٤٢). بەپێی بەڵگە دراوییەکان ئەم ڕوداوانە لە ساڵی ٣٢٧ک/ ٩٣٨ز ڕویانداوە، چونکە دوای ئەوەی میر دەیسەم گەیشتە هەرێمەکە توانی دەست بەسەر شاری ئەردەبیل دابگرێت، دەستی بە لێدانی دراو کردەوە لەم شارە بە ناوی ئازربێجان، مانای وایە بۆتە تاکە فەرمانڕەوای هەرێمەکە. ئەمەش نمونەی دراوەکەیە:



٨. کێش: ٣.٦٥ گرام، تیرە؟ (Morton/Eden 14, 2005, No. 666)، کێش: ٣.١٦ گرام، تیرە: ٢١ ملم (Vardanyan,2013, No. 124).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp146-161

لێرەدا گۆڕانێک لە دراولێدانی میر دەیسەم هاتۆتە کایەوە، ئەویش لێدانی دراوە بە ناوی هەرێمەکان، دەرخەری ئەو ڕاستییە دەسەڵاتی بە تەواوی بەسەر ئەو هەرێمانەدا گرتووە. دوای ئەوەی دەستی بە سەر ئازربێجاندا گرتەوە، دەستی بە دەرکردنی حەمدانییەکان کرد لە ناوچەکانی باشوری ڕۆژئاوا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ١٤٢؛ بولادیان، ٢٠٠٩، ٧٨). میر دەیسەم بەردەوام بووە لە فراوانکردنی دەسەڵاتی. ساڵی ٣٢٨ک/ ٩٣٩ز لە مەراغەش دینار و درهەمی لێداوە. ئەمەش نمونەکانە:



٩. کێشی دینار: ٣.٧٧گرام، تیرە؟ (Morton/Eden17, 2005, No. 896).



١٠. کێشی درهەم: ٢.٤٤ گرام، تیرە:؟ (christies Auction 1279, 2001, lot 683)

سەرچاوە عەرەبییەکان لەمەڕ کاروچالاکییەکانی میر دەیسەم لە ماوەی ساڵانی ٣٢٦-٣٣٠ک/ ٩٣٧-٩٤١ز بێدەنگن، سەرچاوە دراوییەکان دەتوانن ئەو ماوە مێژووییە ڕونبکەنەوە، کە هەوڵی ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆیی داوە. ساڵی ٣٢٨ک/ ٩٣٩ز هەرێمی ئەرمینیا توشی داگیرکاری سیف الدولة الحمدانی ٣٠٣- ٣٥٦ک/ ٩١٥-٩٦٧ز بۆوە، توانی فەرمانڕەوا ناوخۆییەکانی ئەرمەنەکان و شارەکانی خەلات[٢٨] و ئەرگیش[٢٩] و ملازکرد[٣٠] ناچار بە باجدانی ساڵانە بکات، پێشڕەوی کرد تا گەیشتە خالیدیە (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٢٢-٤٢٣). لەوەناچێ لەم هێرشەی هیچ ناوچەیەکی داگیرکردبێت، تەنها مەبەستی ملکەچکردنی ئەو ناوچانە بووە، گومانیش دەکرێت لە هێرشەکانی ڕێگای سنوری ڕۆژئاوای ئازربێجانی گرتبێتە بەر- بەقوڵی نەچۆتە ناو هەرێمەکەوە. دەیسەمیش چاودێری جوڵەی سوپاکەی کردووە، هەوڵی داوە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ گرێ بدات، چونکە هەردوو لا نەیاری سالارییەکان بوون، پەنجا ڕۆژ لە ناوچەکە ماوە. دواتر گەڕایەوە (Amedroz, 1902, 797). میر دەیسەم بڕیاری دا بۆ ماوەیەکی درێژ لە سنوری ڕۆژئاوا بمێنێتەوە، تا ساڵی ٣٢٩ک/ ٩٤٠ز لە مەراغە ماوەتەوە دراوی زێڕی لێداوە. وەک ئەم نمونەیە:



١١. کێش: ٤.٥١ گرام، تیرە: ٢٢ملم (Baldwin's Islamic Coin10, 2005, No. 280; Morton/Eden 18, 2005, No. 48).

هەر لەم ساڵە شارەکەی جێهێشتووە بەرەو شاری ئەردەبیل چوو، ساڵی ٣٢٩ک/ ٩٤٠ز جارێکی تر دراوی بە ناوی ئازربێجان لێداوە. ئەمەش نمونەی دراوەکەیە:



١٢. کێشی درهەم: ٣.٤٤گرام، تیرە: ٢٤ ملم (بیکوف، ٢٠٢٠: ١٠٨؛ Vardanyan, 2008, No. 12, 16).

ئەم دوو دراوە هاوشێوەی دراوەکانی پێشوە تەنها جیاوازییەکیان ئەوەیە کە لە شوێنی خەلیفە الراضي باالله ناوی خەلیفەی تازە دەستبەکاربوو المتقي الله ٣٢٩- ٣٣٣ک/ ٩٤٠- ٩٤٤ز نوسیوە، بەڵگەی ئەوەیە لەم ساڵە لە هەردوو شار بووە. دراوی ئاڵتونیان هەیە کە لە ساڵی ٣٣٠ک/ ٩٤١ز لە سکەخانەی ئەردەبیل لێدراوە، لە هەمان ساڵ لە هەمان سکەخانە بە ناوی ئازربێجان درهەمیشی لێداوە.



١٣. کێشی دینار: ٢.٨١گرام، تیرە؟(Vardanyan, 2013,138, No. 129).



١٤. کێشی درهەم ٢.٧٢گرام، تیرە: ٢٤.٥ (Vardanyan, 2013,139, No. 130).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp146-161

ئەمەش دەریدەخات کۆنترۆڵی سەرجەم ناوچەکانی بەبێ جیاوازی کردووە، وادەکات لە هەمان ساڵ سنوری فەرمانڕەوایەتیەکەی درێژ ببێتەوە بۆ هەرێمی ئەرمینیا، بەڵگە دراوییەکان دەریدەخەن لە ساڵی ٣٣٠ک/ ٩٤١ز درهەمی لەم هەرێمە لێداوە (تیر غیفونیان، ٢٠٠٧، ٢٤١) وەک ئەم نمونەیە:



١٥. کێش: ٢.٦٣گرام، تیرە: ٢٦.٥ ملم (بیکوف،٢٠٢٠، ١٠٨؛ Vardanyan, 2008, No. 13).

لە سەرچاوەکان هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ بەرچاو ناکەوێت کە میر دەیسەم هێرشی ڕاستەوخۆی کردبێتە سەر شاری دوین- دڤین- دبیل[٣١] بەڵام بە پێی وتەی دراوناس بیکوف بێت، ئەم دراوە لەم شارە لێدراوە، بۆ یەکەم جاریش لەلایەن ناوبراو بڵاوکرایەوە (تیر غیفونیان، ٢٠٠٧، ٢٤١). شارەکە سکەخانەی تێدابووە و یەکێک بووە لە شارە سەرەکییەکانی ئەرمەنەکان- لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، تەنانەت بە دڵی ئەرمینیا ناسراوە (مینۆڕسکی، ٢٠٢١، ١٥٢). ئەم شارە لە ساڵی ١٩٣٠ بە چڕی لە لایەن شوێنەوارناسەکان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، ئەم دراوانەی لەوێ دۆزراونەتەوە لە شوێنی تر بونیان نییە، بۆیە ئاسایی بووە لە دوای لاوازبوونی خەلافەت ململانێ لەسەر شارەکە دەستی پێکردووە، دەسەڵاتدارەکان ویستویانە بە دراولێدان لە شارەکە- بەناوی ئەرمینیا دەسەڵاتی خۆیان بسەلمێنن[٣٢] (Akopyan, 2015, 1036).

وادیارە نەبوونی دراوی تر بەناوی ئەرمینیا لە ماوەی ٣٢٥-٣٣٠ک/ ٩٣٦- ٩٤١ز بەربەستە لە بەردەمان، بۆیە ناتوانین ڕونیبکەینەوە کە چ کاتێک دەیسەم گەیشتۆتە شارەکە. ئەوە دەزانرێ دوا تێکشکانی لەسەر دەستی لشکری دەیسەم بەرەو باکور ڕۆیشت، لە ڕوباری ئاراس پەڕیەوە، چووە ئەرمینیا، هەرچەندە لشکرستان بە دوایدا چوو، بەڵام پاش ماوەیەک گەڕایەوە. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە چی بەسەر دەیسەم هاتووە؟ بەرلەوەی بچێتە بەردەعە و دواتر بەرەو ڕەی بڕوات. توێژەرێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ساڵی ٣٣٠ک/ ٩٤١ز ئەرمینیا لەلایەن فەرماندەیەکی بە ڕەچەڵەک عەرەب هێرشی کراوەتە سەر، دوینی پایتەختی گرتووە، دوای ئەوەی گاگیک پاشای ئەرمەنەکان توانی بە سەریدا سەرکەوێت و شارەکەی کۆنترۆڵکرد، هەرەشەی سوتاندنی شارەکەی کردووە، پیاوماقوڵانی شار توانیان بە پێدانی باجی ساڵانە و بارمتە گاگیک ڕازی بکەن کە شارەکە نەسوتێنێت (Ter-Ghewondyan, 1965, 78) ڕوندەبێتەوە شارەکە لە لایەن ئەنجومەنی خۆجێیی بەڕێوە براوە، توێژەر وای بۆ دەچێت ئەم هێرشە لەلایەن دەیسەم یان لشکری کرابێت، ئەوان کەسایەتییە سەرەکییەکانی هەرێمەکە بوون (Ter-Ghewondyan,1965, 80). ڕونە بەر لەم ساڵە لشکری ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، فەرماندەکەش عەرەب بووە، ئەمانیش هیچیان ڕەچەڵەکیان عەرەب نییە. لەوە دەچێ دوای ئەو ڕوداوە دەیسەم دەستی بەسەر شارەکە داگرتبێت، چونکە هەمیشە میرە ئەرمەنەکانی بە هاوپەیمانی خۆی زانیوە (Vardanyan, 2008,17). لە سەرچاوەکان مێژووی نێوان ساڵانی ٣٢٧- ٣٣٠ک/ ٩٣٨- ٩٤١ز ئەرمینیا و دوین ناڕۆشنە، بەهۆی بەڵگە دراوییەکان بەو ئەنجامە دەگەین دەسەڵاتی میر دەیسەم بێ جیاوازی جێگیر بووە لە سەرجەم ناوچەکان، بەپێی ئەم بەڵگە دراوییانە کۆتا ساڵی فەرمانڕەوایەتی دەیسەمیش بوو. چونکە ساڵی ٣٣١ک/ ٩٤٢ز سالارییەکان دراویان لە ئەرمینیا لێداوە (Vardanyan, 2013, 164- 165).

## ٦. ٢ ماوەی دووەمی فەرمانڕەوایەتی ٣٣٨-٣٤١ک/ ٩٤٩- ٩٥٢ز

دەیسەم ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ وشمگیر بەستبووی جێبەجێی نەکرد، بەهۆی لاوازی سالارییەکان و گیرۆدە بوون بە هێرشکاری بوەیهییەکان و سامانییەکان[٣٣]. دەیسەم خۆشی لەم بارەوە ترسێکی ئەوتۆی نەبوو تا بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە بەجێبگەیەنێت (کسروی،١٣٥٧هـ.ش، ٧٢). بۆیە ساڵی ٣٢٨ک/ ٩٣٩ز أبو النصر المرزبان کوڕی محمد کوڕی مسافر کوڕی أسوار السلار٣٤٩ک/ ٩٦٠ز هێرشی کردە سەر ئەردەبیل و بە وتەی مێژوونوسی نەناسراو بۆ ماوەی سێ ساڵ گەمارۆیدا، لەم ماوەیەش شارۆچکەیەکی بنیاتناوە بە ناوی الصابرە (مؤلف مجهول، ١٩٧٢، ٤-٢/ ٨٥). بەگوێری وتەی شارناسان ساڵی ٣٣١ک/ ٩٤٢ز شارەکە کەوتە دەست أبو نصر المرزبان و قەڵا سەختەکەشی بە دانیشتوانەکەی ڕوخاندووە (ابن حوقل، ١٩٩٢، ٢٨٧). مێژوونوس مسکویە ئەم ڕوداوانە بۆ ساڵی ٣٣٠ک/ ٩٤١ز دەگێڕێتەوە (٢٠٠٠، ٦/ ٦٧- ٦٨) دەکرێت ئەم دەقە مێژووییانە وا لێکبدرێنەوە: ڕاستە گەمارۆ دراوە، بەڵام گەمارۆی درێژخایەن نەبووە. بەڵکو کۆمەڵێک هێرشکاری بوو بۆ سەر شارەکە، لە هەموو ئەو ماوەیە دەیسەم دراوی لە شارەکە لێداوە، بەڵام لە کۆتایی هێرشکارییەکان گەمارۆدانێکی توند خراوەتە سەر دەیسەم و ناچارکراوە شارەکە بەدەستەوە بدات. بەمەش مەرزەبان توانی دەستبگرێت بەسەر ئازربێجان و ئاران و ئەرمینیا (کسروی،١٣٥٧هـ.ش، ٧٧). دەیسەم دەستگیرکرا، دوای ئەوەی بۆ ماوەی نزیکەی حەوت ساڵ دەستبەسەر کرا، لە کۆتایی ساڵی ٣٣٧ک/ ٩٤٨ز یان سەرەتای ساڵی ٣٣٨ک/ ٩٤٩ز ئازاد کرا، تا ئێستا هیچ دراوێکمان نییە ڕێککەوتی ساڵی ٣٣٧ک/ ٩٤٨ز لەسەر بێت (Vardanyan,2008, 17). بووە تاکە فەرمانڕەوای هەرێمەکە. لێدانی دراوەکان لە ئەردەبێل پشتگیری ئەوە دەکەن. وەک ئەم نمونەیە:



١٦- کێشی درهەم: ٢.٠٩ گرام، تیرە: ٢٦ ملم (بیکوف، ٢٠٢٠، ١٠٩؛ Vardanyan, 2008,No. 14, 17).

ناوی خەلیفەی سەردەم المطیع الله ٣٣٤-٣٦٣ک/ ٩٤٦-٩٧٤ز لەسەر دراوەکە دەبینرێت، لای ڕاستی دراوەکە تۆشی سڕانەوەو شکان هاتووە، کە بە ئەستەم دەتوانرێت بخوێنرێتەوە (بیکوف، ٢٠٢٠، ١٠٩). تا ئێستا هیچ دراوێکی میر دەیسەم نەدۆزراوەتەوە، کە لە ساڵی ٣٣٩ک/ ٩٥٠ز لێدرابێت، ئەم ساڵە بە ونبوون لە دراولێدانی ماوەتەوە، ئەم ماوەیە هیچ کام لە هێزەکان دراویان لێ نەداوە لەم هەرێم و شارانەی کە میر دەیسەم فەرمانڕەوا بوو.[٣٤] خەریکبوون بە کارە فراوان خوازییەکانی وایکرد کاتی لێدانی دراوی نەبێت، چونکە دوای ئەوەی دەسەڵاتی لە هەرێمی ئازربێجان چەسپاند. هێرشی کردە سەر باکور، لە ڕوباری ئاراس پەڕیەوە و توانی زوزان و دوین دەستبەسەرداگرێت، فەمانڕەوای سالاری الفضل کوڕی جعفر الحمدانی و ابراهیم کوڕی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp146-161

الضبی[٣٥] دەستگیرێکات (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ١٨٤). ساڵی ٣٤٠ک/ ٩٥١ز دەیسەم جارێکی تر لە سکەخانەی ئەردەبیل دراوی درهەمی بە ناوی شارەکە لێدا. وەک ئەمەی خوارەوە:



١٧. کێش: ٣.٦٢ گرام، تیرە: ٢٨ملم (بیکوف، ٢٠٢٠، ١٠٩؛ Vardanyan, 2008, No. 15, 18).

میر دەیسەم شاری ئەردەبیلی وەک بنکەی سەرەکی دەسەڵاتەکەی بەکارهێناوە بەپێی بەڵگە دراوییەکان چونکە لە ماوەی دووەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی دراوی بە ناوی ئەو شارە و هەرێمی ئازربێجان لێداوە، گومان لەوەدا نییە ئەو دراوانەی کە بە ناوی هەرێمەکەش لێدراون، لە سکەخانەی ئەردەبیل دەرچوون، چونکە گەورەترین شاری هەرێمەکە بووە و سکەخانەکەشی زۆر دێرین بوو (Akopyan, Mosanef, 2010, 8). لە ساڵی ٣٤١ک/ ٩٥٢ز دینار و درهەمی بە ناوی ئازربێجان و ئەردەبیل لێداوە، ئەمەی خوارەوەش نمونەکەیانە: ١- نمونەی دراوی ئازربێجان:



١٨- کێشی دینار: ٤.٨٩ گرام، تیرە: ١٨ ملم (الجابر، ٢٠٠٥، ٣/ ٤٢، رقم. ٣٥٤٢).



١٩- کێشی درهەم: ٤.٧٥ گرام، تیرە: ٢٥ ملم (Vardanyan, 2008, No. 17).

٢-نمونەی دراوی ئەردەبیل:



٢٠-کێشی دینار: ٤.٣٦ گرام، تیرە: ٢٧ ملم (Vardanyan, 2008, No. 18).



٢١- کێشی درهەم: ٣.٢٩ گرام، تیرە: ٢٤.٥ ملم (Vardanyan, 2008, No. 19).

هەرچەندە سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە میر دەیسەم توانی بۆ جارێکی تر کۆنترۆڵی ناوچەکانی باکوری خۆرئاوا بکات، بەتایبەت شارەکانی (دوین- بەردەعە)، بەڵام تا ئێستا هیچ جۆرە دراوێک نەدۆزراوەتەوە لەم شارانە لێدرابێت، یان بە ناوی هەرێمی ئەرمینیا. وەک ئەوەی لە خولی یەکەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی هەبوو (تیر غیفونیان، ٢٠٠٧، ٢٤٢). ئەمەش دەکرێت بە گۆڕانکاری بارودۆخی سیاسی رونبکرێتەوە. هۆکارە سیاسییە گونجاوەکە، دەتوانین بە دەرکەوتنی هێزێکی نوێی سیاسی دابنێین لە ناوچەکە، ساڵی٣٤٠ک/ ٩٥١ز کوردە شەددادییەکان[٣٦] بە ڕێبەرایەتی محمدی کوڕی شەدادی کوڕی قرتق- کورتەک ٣٤٠- ٣٤٤ک/ ٩٥١- ٩٥٥ز بۆ یەکەمجار سەریان هەڵدا لە شارەکە. کاتێک شارۆچکەکە بە ئاڵۆزی و ناڵەباری سیاسی تێدەپەڕی، دانیشتوانی شارەکە بانگهێشتی ناوبراویان کرد تا کۆتایی بەم ئاژاوەگێرییە بهێنێت، گواستنەوەی دەسەڵاتیش بێ خوێنڕشتن روویداوە (منجم باشی، ٢٠٢١، ٣؛ رسول، ٢٠٠١، ٦٩). ئەمەش ڕێگری کردووە لە لێدانی دراو لە شارۆچکەکە، بۆیە وا دەردەکەوێت دوای دامەزراندنی دەسەڵاتەکەی دەستبەجێ شارۆچکەکەی جێهێشتووە، بەپێی بەڵگە دراوییەکان لە ئەردەبیل نیشتەجێبووە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی دراو لە شارۆچکەکە لێنەدات (Vardannyan, 2008,18). ئەوەی تێبینی دەکرێ لە شاری بەردەعەش دراوی لێنەداوە، هەرچەندە شارەکەی لەژێر دەسەڵات دابوو، بەڵام دەکرێت بە هۆکاری سیاسی- ئابوری ئەمە رون کەینەوە: ١- بەهۆی هێرشی فەرماندەی سەربازی محمدی بوەیهی بۆ ناوچەکە، پەلەی کردووە لە تێکشکاندنی ناوبراو بە زویی گەڕاوەتەوە ئەردەبیل. ٢- دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئابوری، چونکە شارەکە لە ساڵی٣٣٢ک- ٩٤٣ز لە لایەن ڕوسەکانەوە هێرشی کراوەتە سەری و وێرانکراوە، ئەم داگیرکارییەش تا ناوەڕاستی ساڵی ٣٣٣ک/ ٩٤٤ز خایاندووە (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٩٤-٩٥؛ کسروی، ١٣٥٧ه.ش، ٧٨-٨٧)، سالاریەکانیش هیچ دراوێکیان لەم شارە لێنەداوە (Vardanyan, 2007, 8-11)، سکەخانەکەی لە کارخراوە، بەهۆی ئەو وێرانکارییەی توشی هاتووە، پەرتوکی جوگرافیناسانیش جەختی لەسەر دەکەنەوە (ابن حوقل، ١٩٩٢، ٢٩١) بەهۆی ئەو وێرانکارییەی کە توشی هات شارۆچکەکە لە ڕوی ئابوریەوە داڕماوە، کەم بایەخ بووە، ماوەیەکی زۆری

پێویست بوو. تا ببوژێتەوە، سالارییەکان ساڵی ٣٥١ک/ ٩٦٢ز جارێکی تر دراویان لە شارەکە لێدایەوە (Vardanyan, 2007, 12).

## ٧. لایەنی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و سەربازی میر دەیسەم :

بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارییەتییەکی سیاسی- کارگێڕی دابمەزرێنێت، پێویستی بەوە بوو کە پشت بە کەسانێک ببەستێ، کە لەبواری بەڕێوەبردندا شارەزاییان هەبوایە،بەڵام لەوەناچێ ئەمجۆرە کەسانە لەنێو لایەنگرە کوردەکانی هەبووبن، بۆیە هانای بردۆتە بەر کەسانی خاوەن ئەزمون لە نەتەوەی دەیلەمەکان[٣٧] (لەشکری، ٢٠١٣، ١٩٣) یەکەم کەس کە میر دەیسەم دەستنیشانیکرد، هەم وەک وەزیر هەمیش نوسەر أبو القاسم علی کوڕی جعفر السولي ٣٢٥- ٣٣٠ک/ ٩٣٦- ٩٤١ز. دوای ئەوەی توانی بە هاوکاری سوپای وشمگیر بەسەر لشکری دا سەرکەوت بەشێک لە سوپاکەی مانەوە لە لای، بۆیە ئەویش پلەی بەرزی پێدان، ئەم کارەشی نارەزایی لایەنگرە کوردەکانی بەدوای خۆیدا هێنا و لە دەسەڵاتەکەی ڕاپەڕین و دەستیان بەسەر هەندێ ناوچە و سامان داگرت، دەیسەمیش بۆ بەرگرتن لەم زیادەڕۆییانە، ناچار بە توندی بەرەو ڕویان وەستایەوە و ماڵ و سامانەکەی لێستاندنەوە و بەشێکیانی دەستگیرکرد (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ١٦٤). لەمەشدا دەیلەمەکان هاوکاریانکرد، ئەم بارودۆخە درێژەی نەکێشا لەلایەن دەیسەم، وەزیر توشی ئازاردان بۆوە بە خۆی و خزم و کەسەکانی بەپێی هەڵسەنگاندنی مێژوونوس مسکویە بۆ ئەم کارەی، ناشارەزایی میر دەیسەم لە بەڕێوەبردن دەردەخات (٢٠٠٠، ٦/ ٦٤). وەزیر بەناچاری بۆ لای سالارییەکان ڕۆیشت، هاوڕێیەتی لە نێوان مەرزەبان و وەزیردا هەبوو. پەیوەندی دۆستانەی نێوانیان لەسەر بنەمای ڕێبازی ئاینی بوو، هەردووکیان لەسەر بیروباوەڕی ئاینی شیعەی باتنی بوون، بەپێچەوانەوە میر دەیسەم سەر بە ڕێبازی ئاینی خەواریج بوو (مسکویە، ٢٠٠٠: ٦/ ٦٤؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٦/ ١٦٥). کەسانێک لە ناو پێکهاتەی سوپاکەی هەبوون، کە بە ڕێبازە ئاینییەکەی ڕازی نەبوون، بۆیە لە کاتێکی چارەنوسسازدا ڕیزی سوپاکەیان جێهێشت (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٦٤).
دوای ماوەیەک لایەنگرانی مەرزبان بە سەرۆکایەتی سعید عیسی کوڕی موسی ناسراو بە (عیسکویە) پیلانیان دارشت دژی وەزیر، ناوبراو هەستی بەو مەترسییە کرد. نامەیەکی بۆ دەیسەم نارد، پەشیمانی خۆی دەربڕی لەم کارەی کردویەتی، دەیسەمیش بە مەرجی کوشتنی سەرکردە دەیلەمەکان ئامادەبوو وەریبگرێتەوە، وەزیر ئەم کارەی ئەنجامدا، بۆیە دەیسەم ڕوی لە تەورێز کردو توانی دەستبەسەر دابگرێت أبو جعفر أحمد کوڕی عبدالله کوڕی محمود لە شارەکە کردە وەزیر، بەڵام کە مەرزەبان دەستی بەسەر شارەکە داگرت لە دەسەڵات دوری خستەوە (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٦٥). دەیسەم گەڕایەوە ئەردەبیل بەڕێوبەرایەتییەکی نوێی پێکهێنا أبو القاسمی کردەوە وەزیر. بەڵام جارێکی تر لە ساڵی ٣٣٠ک/ ٩٤١ز ناپاکی لێکردەوە هەموو تواناى خۆی خستە بەردەستی مەرزەبان دەستی بە پیلانگێڕان لە دژی کرد، سەرنجی مەرزەبانی بۆ خێر و بێری ئەو داهات و بەرهەمەی کە لەم هەرێمەدا هەیە ڕاکێشا. ڕۆڵی گرنگیشی گێڕا لە شکستپێهێنانی دەیسەم (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٦٤؛ بولادیان، ٢٠٠٩، ٧٩). هەرچەندە کەسە نزیکەکانی ئامۆژگارییان کرد، کە متمانە بە دەیلەمەکان نەکات- لەخۆی نزیکیان نەکاتەوە تەنها لەکاتی پێویست نەبێت، ئەویش زیاتر لە پێنجسەد کەس نەبن، لەوە دەچێ ئەو ئامۆژگارییەی پشتگوێخستبێت (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ١٦٥). لە ئەردەبیل کەسایەتی أبو عبدالله محمد کوڕی أحمد النعیمي وەک وەزیر ٣٣٠ک- ٩٤١ز دەستنیشانکرد، ئەویش ناپاکی لێکرد، لە کاتی گەمارۆدانی شاری ئەردەبیل مەرزەبان هەوڵیدا لە ڕێگای ئەم وەزیرەوە شارەکە داگیربکات، لەمەشدا سەرکەوتو بوو. بۆیە داوای لە میر دەیسەم کرد بە شێوەی ئاشتییانە خۆی ڕادەستی مەرزەبان بکات، لە هەمانکاتیش داوای لە مەرزەبان کرد کە گەمارۆدانەکە توند بکات، سەرەنجام میر دەیسەم ماوەی یەکەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی بووە قوربانی دەستی وەزیرەکان (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٦٨). لە هۆکارەکانی یارمەتیدانی النعیمي بۆ مەرزەبان پێدانی بەڵێنی وەزارەت بوو، دواجار ناوبراو کرایە وەزیر لەلای سالارییەکان (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ٦٨؛ کسروی،١٣٥٧هـ.ش، ٧٧). بەڵگە دراوییەکان ئەوە دەسەلمێنن ساڵی ٣٣١ک/ ٩٤٢ز لە ئەرمینیا دراوی بە ناوی خۆی لەسکە داوە وەک فەرمانڕەوایەکی سەربەخۆ، ئەو دراوەی تا ئێستا دۆزراوەتەوە درهەمێکە بەمشێوەیە:



٢٢- کێش:؟ تیرە:؟ (Akopyan, Vardanyan, 2006, 11).

خشتەی ژمارە ٣
نوسراوی دراوی ژمارە٢٢

| ڕوی دراو | پشتی دراو |
|---|---|
| لا اله الا | الله |
| الله وحده | محمد |
| لاشريك له | رسول |
| محمد بن احمد | الله |
| بازنەی ١: بسم الله ضرب الهذا الدينار بارمنية سنة احدى و ثلثين وثلث مئة | المتقي الله |
| بازنەی٢: لله الأمر من قبل ومن بعد يومئذ يفرح المؤمنون بنصرالله | بازنەکەی: محمد رسول الله أرسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولو كره المشركون |

ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن وەزیر النعیمي ئەم دراوەی لێدابێت، ئەم درهەمە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە کاتی دۆزینەوەی کۆمەڵێک دراوی ئیسلام دەرکەوت، دراوەکە لە شاری دوین لێدراوە ناوی خەلیفەی سەردەم و فەرمانڕەوای لەسەرە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەم کاتەدا فەرمانڕەوای شارەکە بوو یان هەموو ئەرمینیا (Akopyan, Vardanyan, 2006, 11-12) مێژوونوس مسکویە باسی ئەمە ناکات، ئێمە لە ڕێگەی ئەم دراوە بۆمان دەرکەوت. لەم ماوەیە ناوبراو فەرمانڕەوایەتی کردووە، بەتایبەت کاتێک دەیسەم ڕێبەرایەتی نوێی پێکهێنا لە ئەردەبیل و ئەم کەسایەتییەی کردە وەزیر. بەڵام ئەم مێژوونوسە هیچ زانیاریەکی تر نادات بەدەستەوە، چونکە النعیمي لەکاتی جیاواز خزمەتی هەم دەیسەم و هەم سالارییەکانی کردووە، نزیکەی بیست ساڵ لە کارکردن بەردەوام بووە ٣٣٠-٣٤٩ک/ ٩٤١-٩٦٠ز (Akopyan,Vardanyan, 2006, 12). بەگوێرەی ئەم دراوە لەوە دەچێ بۆ چەند ساڵێک فەرمانڕەوا بووبێت، ئەگەر لەم حاڵەتە ئەوە قبوڵبکەین ناوی سەر دراوەکە أبو عبدالله کوڕی محمد کوڕی أحمد النعيمیە. لەم ماوە مێژووییە هیچ کەسایەتییەکی تری مێژوویی بەو ناوەوە لە ئەرمینیا بوونی نییە،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp146-161

کەمترین دراوی سالاریش ناسراون و لە ئورمیە[٣٨] لێدراون (Vardanyan, 2007, 8). جیاوازی لەگەڵ دراوی دەیسەم ئەوەیە، دراوی ناوبراو ڕوێکی تەواو فەرمانی گوێڕایەڵی بۆ خودا لەخۆدەگرێت، بێ ناوی هیچ کەسێک، بەڵام ئەم دراوە سەرەڕای دەربڕینی گوێڕایەڵی بۆ خودا، ناوی فەرمانڕەواکەشی لەسەرە. ئەوەی ڕونە سالارییەکان توانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەرێمەکەدا بسەپێنن، لەوە دەچێ بەشوێنکەوتوی دەیسەم مابێتەوە دەسەڵاتی سالارییەکانی قبوڵنەکردبێت، لێدانی دراویش باشترین بەڵگەیە بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتیان، پاش ماوەیەکیش سالارییەکان لە ئەرمینیا بەرەو لاوازی ڕۆیشتن (Akopyan, vardanyan, 2006, 13). میر دەیسەم لە ماوەی دووەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی جارێکی تر پشتی بە کەسانی ناکورد بەست لە بەڕێوەبردن. لەم نێوەندەشدا ابن الصقر النصرانی ٣٣٨ک/ ٩٤٩ز وەک نوسەر دیاریکرد، جارێکی تر النعيمي وەک وەزیر دیاریکردەوە، ئەم کەسایەتییە بەشێوەیەکی گشتی چەندین جار ئەم پۆستەی وەرگرتووە، لە ساڵی ٣٣٨ک/ ٩٤٨ز هەڵسا بە کوشتنی وەزیری پێشوی دەیسەم علی کوڕی عیسی کوڕی موسی ٣٣٨ک/ ٩٤٩ز، خۆی بووە تاکە وەزیر لەم ماوەیە، بەڵام لەوە ناچێ دەیسەم پەندی لە هەڵەکانی ڕابردوی وەرگرتبێت. جارێکی تر ناوبراو ناپاکی لێکرد. کاتێک دەیسەم بۆ بەرگرتن لە هێرشی علی کوڕی مشکی وەزیر و کوڕە خوشکەکەی ابو الغانم لە ئەردەبیل جێهێشت، النعيمي وەزیر سودی لە ئامادەنەبونی دەیسەم وەرگرت و توانی خوارزاکەشی لە خشتە بەرێت، گەنجینە و تەنانەت شارەکەش ڕادەستی سالارییەکان بکات (مسکویه، ٢٠٠٠، ٦/ ١٨٥). النعیمی هەرچەندە لە لایەنی بەڕێوەبردن شارەزا بوو، بەڵام هێندەی دژی بەرژەوەندییەکانی دەیسەم کاری کردووە، هێندە دڵسۆزی دەسەڵاتەکەی نەبوو.

جگە لەوەی کە میر دەیسەم وەزیر و نوسەری هەبوو پشتی پێبەستاون لە بەڕێوەبردندا، لە پاڵ ئەوانیش چەندین سەرکردەی سەربازی هەبوون خزمەتیان کردووە، بەڵام ئەوانیش بە چەشنی وەزیرەکان لە کوردەکان نەبوون، سەرەڕای ئەوەی کۆڵەکەی پشتی سوپاکەی لە کوردەکان پێکدەهات. یەکەمین سەرکردەش بەناوی الشابشتي- السابستی بوو ساڵی ٣٢٦ک/ ٩٣٧ز دژی لشکری شەڕی کردووە، سەرچاوەکان هیچ زانیارییەکی تر لە بارەی ناوبراو ناخەنە ڕو تەنها باسی ئازایەتی و لێوەشاوەیی دەکەن (مسکویه، ٢٠٠٠، ٦/ ١٠). یەکێکی تر لەو سەرکردە سەربازیاینە صعلوک کوڕی محمد کوڕی مسافر کە بە ڕەچەڵەک دەیلەمی بووە، دەیسەم کردیە سەرکردەی سوپا و ڕێزی لێگرتووە (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ١٦٥). هاوکات لە گەڵ ئەویشدا أسفار کوڕی سیاکولی دەبینرێت (مسکویه، ٢٠٠٠، ٦/ ٦٢). یەکێکی تر لەو سەرکردە دەیلەمانە کە خزمەتی کردووە علی کوڕی الفضل الصولي بوو، دوای ئازادبوونی لە زیندان بەهاوکاری ناوبراو توانی کۆنترۆڵی ناوچەکان بکاتەوە، دواتریش سەرکردایەتی سوپای مەرزەبانی گرتە دەست (Vardanyan, 2008, 19). بەڵام ئەم فەرماندە سەربازییانە هەریەک بە جۆرێک لە کاتی تەنگانە پشتیان تێکردووە، تاکە فەرماندەی سەربازی تا ئەو پەڕی کۆتایی لەگەڵی مایەوە لە پشتی وەستاوە شەڕی دوژمنی کردووە، أبو الناصر جستان کوڕی شرمزن ٣٣٨- ٣٤١ک/ ٩٤٩- ٩٥٢ز کە ماوەی دووەمی فەرمانڕەوایەتی سەرکردایەتی سوپای گرتۆتە دەست تەنانەت لە کاتی گرتنی ئەردەبیل و هەڵگەڕانەوەی دەیلەمەکان تەنیا کەس بوو بەتەنها بەرگری لە دەیسەم دەکرد، دواجار لە لایەن علی بن موشکی دەستگیرکرا (مسکویه، ٢٠٠٠، ٦/ ١٨٦).

## ٨. ئەنجامەکان

١. زانستی دراو، و دراوەکان بەگشتی لەزانستە زۆر گرنگەکان هەژمار دەکرێت لەساغ کردنەوەی ڕوداوە مێژووییەکان، بەتایبەتی زۆرێك لەزانیاریەکان شاراوەن و لەسەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ نەکراوە لەمەڕ ڕوداوەکانی سەردەمەکەی ئەم میرە کوردە، بۆیە دراوەکان بەڵگەی مێژوویی گرنگن یارمەتی توێژەریان داوە بۆ گەیشتن بە چەندین ڕاستی مێژوویي لەبارەی خودی ئەم میرەو جوڵەو کاروچالاکییەکانی.

٢. میر دەیسەم سەرەتای دەرکەوتنی لە خزمەت بنەماڵەی ساجی دابووە، کەسێکی لێهاتوو و ئازابوو، توانیویەتی پلە سەربازیەکان ببڕێت و تا گەیشتووە بە پلەی جێگری والی لە هەرێمەکانی ئازربێجان و ئاران و ئەرمینیا، دوای دەستبەسەر داگرتنی هەرێمەکەش توانیویەتی دراو بەناوی خۆی لە سکە بدات. بەیەکەمین دەسەڵاتداری کوردی دادەنرێت کە توانیویەتی ئەم کارە ئەنجام بدات.

٣. بە گوێرەی بەڵگە مێژووییەکان، ناوبراو یەکێک بووە لە پەیڕەوکارانی ڕێبازی ئایینی خەواریج، بەڵام بە گوێرەی بەڵگە دراوییەکان بێت، کاتێک دراو لێدەدات بەناوی خەلیفەی عەباسی، دەستی لەم بنەما ئایینییە هەڵگرتووە.

٤. دراو لێدانەکانی ناوبراو هاوشێوەی دراوەکانی خەلیفەی عەباسین، ڕوی دراوەکەی تەرخان کردبوو بۆ گوێڕایەڵی بۆ خودا. پشتی دراوەکانیشی تەرخان کردبوو بۆ گوێ ڕایەڵی بۆ پەیامبەری ئیسلام و لە پاشاندا خەلیفەی سەردەم، ناوی خۆی بە دێڕێکی سەربەخۆ لە ژێر ناوی خەلیفەی عەباسی نوسیبوو. هەردوو دیناری زێڕو درهەمی زیوی لە سکە داوە، زۆرینەی ساڵەکانی فەرمانڕەوایەتی توانیویەتی دراو بەناوی خۆیە وە لێبدات بە ناوی شار یان هەرێمەکان.

٥. لە کاری بەڕێوەبردن و سەربازیدا پشتی بە کۆمەڵێک کەسانێک دەبەست لە نەتەوەی دەیلەم، ئەوانیش هێندە پەرۆشی دەسەڵاتی خۆیان بوون هێندە خزمەتیان بە دەسەڵاتەکەی ناوبراو نەکردووە، لەم بارەیەوە یەکێک لە وەزیرەکان توانیویەتی دراویش بەناوی خۆی لێ بدات.

## ٩. سەرچاوەکان

القرأن الكريم

ابن الأثير، ١٩٦٣، التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية (بالموصل)، تحقيق: عبدالقادر أحمد طلميات، بغداد، مكتبة المثنى.

ابن الأثير، ١٩٨٧، الكامل في التاريخ، تحقيق: أبي الفيداء عبدالله القاضي، بيروت، دار الكتب العلمية.

الاسفراينى، ١٩٥٥، التبصير في الدين و بيان الفرقة الناجية من الفرق الهالكين، علق حواشة: محمد زاهد بن الحسن الكوثري، مصر، مكتبة الخانجي.

الأشعري، ٢٠١٥، مقالات الاسلاميين و اختلاف المصلين، قدم له وكتب حواشية: نعيم زرزور، بيروت، المكتبة العصيرية.

الاصطخرى، ١٨٧٠، مسالك الممالك، ليدن، مطبعة بريل.

ايليا برشنايا، ١٩٧٥، تاريخ ايليا برشنايا، تعريب: يوسف حبي، بغداد.

البابيري، حكيم عبد الرحمن زبير، ٢٠٠٥، مدينة خەلات دراسة في تاريخها السياسي و الحضاري (٤٩٣-٦٤١هـ/ ١١٠٠- ١٢٤٣م)، أربيل، مطبعة وزارة التربية.

البغدادي، ١٩٨٢، الفرق بين الفرق و بيان الفرقة الناجية منهم، تحقيق: لجنة احياء التراث العربي، بيروت، دار الافاق الجديدة.

بول، ستانلى لين، ١٩٦٨، طبقات سلاطين الاسلام، ترجمة: مكى طاهر الكعبى،

دار منشورات البصرى.
بولاديان، أرشاك، ٢٠٠٩، الأكراد في حقبة الخلافة العباسية في القرنين (١٠-١١م)، بيروت، دار الفارابي.
بولاديان، أرشاك، ٢٠١٣، الأكراد من القرن السابع الى القرن العاشر الميلادي، بيروت، دار الفارابي.
بيكوف، أ.أ، ٢٠٢٠، عملات الأمير ديسم ابراهيم الكردي، ترجمة عن الروسية: مصلح البوتاني، تقيم ومراجعة: زرار صديق توفيق، گۆڤاری ژین، سلێمانی، بنکەی ژین، ژمارە (١١).
التوحيدى، كليم الله (كانيمال)، ١٩٩٢، حركت تاريخى كرد به خراسان، د.م.
توفيق، زرار صديق، ٢٠٠٨، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دهۆک، چاپخانەی خانی.
توفيق، زرار صديق، ٢٠١٠، کوردو کوردستان لە ڕوژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (١٦- ٦٥٦ک/ ٦٣٧- ١٢٥٨ز) هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
توفيق، زرار صديق، ٢٠١٨، الكرد في العصر العباسي (١٣٢- ٣٣٤هـ/ ٧٥٠- ٩٤٦م)، أربيل، مطبعة شهاب.
تير غيفونيان، ارام، ٢٠٠٧، دراسات استشراقية حول العلاقات الأرمنية- العربية، ترجمة: الكسندر كشيشان، حلب، دار النهج.
الجابر، ابراهيم جابر، ٢٠٠٥، النقود العربية الأسلامية، ط٣، الدوحة، المجلس الوطني للثقافة والفنون و التراث ادارة المتاحف والأثار.
حسن، ابراهيم حسن، ١٩٩٦، تاريخ الاسلام السياسي و الديني والثقافي والاجتماعي، ط١٤، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.
حسن، قادر محمد ،٢٠١١، الامارات الكوردية في العهد البويهي (دراسة في علاقتها السياسية و الاقتصادية)، أربيل، مطبعة رۆژهەڵات.
الحسيني، محمد باقر، ١٩٦٩، شعار الخوارج على النقود الأسلامية المضروبة بالكوفة، مجلة المسكوكات، بغداد، مطبعة الجمهورية، العدد.(2)
ابن حوقل، ١٩٩٢، صورة الارض، بيروت، منشورات دار مكتبة الحياة.
الخطيب، محمد أحمد، ١٩٨٦، الحركات الباطنية في العالم الاسلامي في عقائدها وحكم الاسلام فيها، ط٢، عمان، مكتبة الأقصى.
ابن خلدون، ٢٠٠٣، تاريخ ابن خلدون، بيروت، دار الكتب العلمية.
ابن خلكان، ١٩٧٧، وفيات الاعيان وانباء الزمان، تحقيق: احسان عباس، بيروت، دار صادر.
الدوري، تقي الدين عارف، ١٩٧٥، عصر امرة الامراء في العراق (٣٢٤- ٣٣٤هـ/ ٩٣٦-٩٤٦م) دراسة سياسية أقتصادية اجتماعية، بغداد، مطبعة اسعد.
رستم، سعد، ٢٠٠٥، الفرق المذاهب الاسلامية، ط٣، دمشق، الأوائل للنشر والتوزيع.
رسول، اسماعيل شكر، ٢٠٠١، الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران (من ٣٤٠الى ٥٩٥هـ/ ٩٥١- ١١٩٨م) دراسة سياسية حضارية، أربيل، مؤسسة موكرياني.
زكار، سهيل، ١٩٨٢، أخبار القرامطة في الأحساء الشام اليمن العراق، ط٢، دار حسان.
أبو زهرة، الامام محمد، د.ت، تاريخ المذاهب الاسلامية في السياسة و العقائد و تاريخ المذاهب الفقية، القاهرة، دار الفكر العربي.
السامر، فيصل، ١٩٧٠، الدولة الحمدانية في الموصل وحلب، بغداد، مطبعة الايمان.
أبو سعده، محمد، ١٩٩٨، الخوارج في ميزان الفكر الاسلامي، ط٢، القاهرة.
السمعاني، ١٩٧٧: الأنساب، طبع وزارة المعارف والشؤون الثقافة للحكمة العالية الهندية.
الشهرستاني، ٢٠١٩، الملل والنحل، ضبطة و علق عليه: كثرى صالح العلي، بيروت، مؤسسة الرسالة ناشرون.
الصولي، ١٩٧٩، أخبار الراضي باللة و المتقي اللة، عني بنشره: ج. هيورث. دن، بيروت، دار المسيرة.
الصولي، ١٩٩٩، قسم من أخبار المقتدر باللة العباسي، دراسة و تحقيق: خلف رشيد نعمان، بغداد، دار الشئون الثقافة.
الطبري، ١٩٦٧، تاريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد أبو الفضل ابراهيم، ط٢، القاهرة، دار المعارف.
أبو الفداء، ١٨٤٠، تقوم البلدان، بيروت، دار صادر.
القزويني، د.ت، أثار البلاد وأخبار العباد، بيروت، دار صادر.
قوصى، عطية، ١٩٩٣، تاريخ الدول المستقلة في المشرق عن الخلافة العباسية، القاهرة، مكتبة دار نهضة العربية.
كسروى، أحمد، ١٣٥٧هـ. ش، شهر يارن گمنام، چاپ پنجم، تهران، چاپخانهء أذر.
لسترنج، ١٩٥٤، بلدان الخلافة الشرقية، نقلة الى العربية: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، بغداد، مطبعة الرابعة.
لويس، برنارد، ٢٠٠٦، الحشيشية الاغتيال الطقوسي عند الاسماعيلية النزارية، تعريب: محمد العزب موسى، ط٢، القاهرة، مكتبة مدبولي.
لەشکری، حەیدەر، ٢٠١٣، خەواریجەکان لە وڵاتی کوردان لە دامەزراندنی ناسنامەی ئایینیەوە بۆ شکستی سیاسی (٢٥٢- ٣٤٦ک/ ٨٦٦- ٩٥٧ز) گۆڤاری زانکۆی کۆیە، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ژمارە (٢٧).
الماوردي، ١٩٨٩، الأحكام السلطانية و الولايات الدينية، تحقيق: أحمد جاد، القاهرة، دار الحديث.
محي الدين، عطا عبدالرحمان، ٢٠٠٧، حركات الخوارج في بلاد الكرد وما جاورها (٤١-٢١٨هـ/٦٦١-٨٣٣م)، السليمانية، مطبعة شفان.
المسري، حسين على، ١٩٩٤، أضواء على مدينة الرى في صدر الأسلام، مجلة المؤرخ العربي، القاهرة، المجلد الأول، العدد الثاني.
المسعودي، ٢٠٠٠، مروج الذهب و معادن الجوهر، تحقيق: سعيد محمد للحام، بيروت، دار الفكر.
مسكويه، ٢٠٠٠، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق: أبو القاسم امامي، طهران، دار سروش للطباعة النشر.
مشيرى، ملك ايرج، ١٣٨٩هـ.ش، عرب ساسانى سكه هاى دورەى جنگ داخلى مانى گرايان يزيديه و خوارج ديگ، طهران، نشر پازينه.
المقدسي، ٢٠٠٣، أحسن التقاسم في المعرفة الاقاليم، علق علية وضح حواشية: محمد أمين الضناوي، بيروت، دار الكتب العلمية.
منجم باشى، ٢٠٢١، جامع الدول- باب في الشدادية، تحقيق: مينورسكى، سلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
مؤلف مجهول، ١٩٧٣، العيون الحدائق في اخبار الحقائق، تحقيق: نبيلة عبد المنعم

داود، بغداد، مطبعة الأرشاد.

مینۆرسكی، ڤ.ف، ٢٠٢١، چەند لیكۆڵینەوەیەک لە مێژووی كوردەكانی قەوقاز، وەرگێڕانی: عەلی نادر، پێداچونەوەی: زرار صدیق تۆفیق، سلێمانی، دەزگای رۆشەنبیری جەمال عیرفان.

ناصر خسرو، ١٩٩٣، سفر نامة، ترجمة: يحيى الخشاب، مصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

نتو، محمد عمر، ١٤١٨هـ، النقود الأسلامية شاهد على التاريخ، مكة المكرمة، مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر.

النرشخي، ١٩٩٣، تاريخ بخارى، تحقيق: أمين عبدالمجيد بدوي و نصراللة مبشر الطرازي، ط٣، القاهرة، دار المعارف.

النقشبندي، حسام الدين على غالب، ٢٠١٢، أذربيجان ايران في العصر السلجوقي (٤٢٠- ٦٢٤هـ/ ١٠٢٩- ١٢٢٧م)، السليمانية، بنكەی ژین.

النوبختي، ٢٠١٢، فرق الشيعة، بيروت، منشورات الرضا.

ياقوت الحموي، ١٩٧٧، معجم البلدان، بيروت، دار صادر.

اليعقوبي، ٢٠١٠، تاريخ اليعقوبي، تحقيق: عبد الامير محنا، بيروت، شركة الاعلمي للمطبوعات.

يوسف، فرج الله أحمد، ٢٠٠٦، نقود الخارجين على الخلافة العباسية في شرق العالم الأسلامي، القاهرة، زهراء الشرق.

Akopyan, Alexander.V, 2015, Dvin in the eleventh and twelfth centuries. City history in the light of new numismatic materials, International Numismatic Congress Taormina, (Vol.XV).

Akopyan, Mosanef, Alexnder, F, 2010, on the Earliest Coins Struck at Ardabil in the Islamic Period, Journal of the Oriental Numismatic Society, (Vol. 203).

Akopyan, Vardanyan, Alexnder, Aram, 2006, Muhammad bin Ahmad- a new government on a dirham minted in Armenia in 331AH, Journal of the Oriental Numismatic Society, (Vol.187).

Amedroz, 1902, three Arabic Mss. On the History of the City of Mayyafariqin, Journal of the Royal Asiatic Society, (Vol. 34).

BALDWIN`S ISLAMIC COIN – Baldwin's Islamic Coin, London.

CHRISTIES. COM https://www.christies.com/lot/lot-kurdish-governors-of-adharbayjan-daysam-b-ibrahim-2100150/

MORTON/EDEN – Morton & Eden Ltd. in assoc. with Sotheby`s, London.

Ter-Ghewondyan, Aram, 1965, the Arab Emirates in Bagrated Armenia, Lisbon.

Tornberg, 1870, Decouvertes aecentes de Monnaies Koufiqes, en Suede, Ruvue de la Numismatiue Belge, Bruxelles, librarie Polytechnque Daug, Decq.

Vardanyan, Aram R, 2004, the Coinage of the Sajids of Adharbayjan and Armenia (late IX- XAD), Abstract for ONS meeting in Tubingen.

Vardanyan, Aram R, 2007, on the Coinage of the Sallarids and Contemporary Military Generals in Iranian Adharbaijan in the Tenth Century AD, Journal of the Oriental Numismatic Society, (Vol. 191).

Vardanyan, Aram R, 2008, on the Coinage of Daysam Ibn Ibrahim in Adharbayjan and Armenia in the 10Th century AD, Journal of the Oriental Numismatic Society, (Vol.197)

Vardanyan, Aram R, 2013, the Coins as Evidence for the History of Armenia and Adharbayjan in the Xth Century AD, Tubingen, In Kommission Numismatischer Verlag der Munzgalerie Munchen.

ZE NO- www.zeno.ru online coin data-base.

پەراوێزەكان:

---

[١]. سەرچاوەكان بە زۆر شێوە ناوی میر دەیسەمیان تۆماركردووە، بۆ نمونە لە پەرتوكی (العيون الحدائق فى أخبار الحقائق) بە شێوەی دیسم بن ابراهيم شاذلوية الكردي تۆماركراوە (مؤلف مجهول، ١٩٧٣، ٤-٢/ ٦٩، ١٩٧) شارناسان بە شێوە دیسم بن شاذلوية ناویانبردووە (ان حوقل، ١٩٩٢، ٢٨٧، ٣٠٣).لای هەندێ لە مێژوونوسان بە دیسم بن ابراهيم الكردي ناویبراوە (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ١٦٤؛ ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٣/ ٥٠٤) لای (المسعودي م: ٣٤٦ك/ ٩٥٧ز) بە شێوەی شادلوية هاتووە (٢٠٠٠، ٣/ ١١٠) لەسەردەمی نوێشدا شادلۆ هۆزێكی نیشتەجێی خوراسان بوون (توحدی، ١٩٩٢، ١/ ١٤). (احمد كسروی) پێیوایە شادلۆ هۆزەكەی دەیسەمە (١٣٥٧هـ.ش،٦٧ ) لای توێژەرانی نوێش بە شێوەی شادكۆ هاتووە (توفيق، ٢٠١٠، ١٠٨).

[٢]. بە نەژاد لە كوردەكانی دەڤەری هەكاری بوو، یەكێک بووە لە سوارچاكەكانی هارون كوڕی عبدالله الشاری سەركردەی بزاڤی شوراتەكان لە موسڵ و جەزیرە (توفيق، ٢٠٠٨، ١٤).

[٣]. بەو كۆمەڵە جەنگاوەرە دەگوترا كە لایەنگر و هاوسۆزی خەلیفە عەلی بوون و لە میانەی كێشە و ناكۆكی نێوان عەلی و معاویە ناوبژیوانیان ڕەتكردەوە، لە سوپای خەلیفە عەلی دەرچون، بەم هۆیەوەش ناویان نرا خەواریج (الاشعری، ٢٠١٥، ١١١-١١٢). زۆربەی كاتەكان ناوی (شورات- الشراة) لە خۆیان دەنێن وەک ئاماژەیەک بۆ "خۆكڕینەوەیان لە خودا" (البغدادی،١٩٨٢، ٥٥). الشهرستانی م: ٥٤٨ك/١١٥٣ز، ئاماژە بەوە دەكات ڕەگ و ڕیشەی خەواریج بۆ كێشەكانی سەردەمی خەلیفە عوسمان دەگەڕێتەوە (٢٠١٩، ١٣٣-١٣٤). توێژەر محمد أبو زهرة پێی وایە زۆربەی زۆری خەواریجەكان لە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp146-161

عەرەبەکانن و دەمارگیری عەرەبی لەم گروپە باو بووە (د.ت، ٥٩)، بۆیە زۆربەی توێژەران پێیانوایە کە شەڕی صفین ٣٧ک/ ٦٥٧ز ئەو شوێنەیە سەرەتای دەرکەوتن و گەشەکردنی خەواریجە لە گۆڕەپانی ئایینی و سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا. (أبو سعدة، ١٩٩٨، ٢٢؛ رستم، ٢٠٠٥، ٢٠٠). بەچەندین ناوناتۆرەی تر ناسراون، گرینگترین دروشمیان (لا حكم الا الله) (الاشعری، ٢٠١٥، ١١٢). ئەم کۆمەڵەیە بەردەوام دژایەتی دەسەڵاتی ناوەندیان دەکرد. ئامانجیان گرتنەدەستی دەسەڵات بوو، بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی خەواریجەکان لە وڵاتی کوردان بڕوانە (محي الدين، ٢٠٠٧، ٢١٩- ٣٠٦).

٤ . ڕێبەرایەتی گەورەترین بزوتنەوە خەواریجی کردووە کە نزیکەی ٣٠ ساڵ درێژەی بە چالاکییەکانیدا. یەکێک لە دەهقانەکان- کوێخوا دێیەکانی دانیشتوی البوازيج بوو لە سەر ڕوباری دیجلە (الطبري، ١٩٦٧، ٩/ ٢٧٥)، لە باشوری موسڵ کە بە أبي صالح ناسرابوو، خۆی لە هۆزی بني الشيبان بوو. (اليعقوبي، ٢٠١٠، ٢/ ٤٦٨). ناکۆکی لەسەر نەژادی هەیە بۆیە توێژەرێک پێیوایە لە هۆزی البجليه (حسن، ١٩٩٦، ٣/ ٢١٤-٢١٥).

٥ . حەمدانییەکان تیرەیەکن لە تیرەکانی هۆزی التغلبي عەرەبی، ناوی حەمدانییەکانیش بۆ باپیرە گەورەیان دەگەڕێتەوە لە ماوەی ساڵانی ٢٩٣- ٣٩٢ک/ ٩٠٥- ١٠٠١ز فەرمانڕەوایەتی موسڵ و حەلەب و بەشێک لە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرەیان کردووە (السمعاني، ١٩٧٧، ٤/ ٢٤٠). بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە (السامر، ١٩٧٠، ١/ ٣٨- ٦٨).

٦ . ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەکەیان زياد بن الأصفر لە گروپی ئەزرەقییەکان- الأزارقة جیابوونەوە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕی ئایینی بوو (الاسفرايني، ١٩٥٥، ٥٢). لە گروپەکانی دی خەواریج تارادەیەک میانڕەوترن (البغدادي، ١٩٨٢، ٧٠- ٧١؛ الشهرستاني، ٢٠١٩، ١٥٥-١٥٦).

٧ . ڕای جوگرافیناسانی موسڵمان جیاوازە لە دەستنیشانکردنی سنورەکانی هەرێمەکە، بەڵام توێژەرێک ئەو ڕا جیاوازانەی یەکخستوە و دەڵێت: لە ماوەی سەردەمی عەباسی سنوری هەرێمەکە لە ڕۆژهەڵاتی دەیلەم و چیاکانی گەیلان و ڕۆژئاوای دەریاچەی قەزوین، لە ڕۆژئاوا هەرێمی ئەرمینیا و باکوری جەزیرەیە، باشور هەرێمی چیاکانە، لە باکوریش هەرێمی ئاران بوو(النقشبندي، ٢٠١٢، ٣٣-٣٤).

٨ . هەرێمی ئاران- آران- الران: لە لایەن جوگرافیناسانەوە سنورەکەی بەمشێوەیە دیاری کراوە:- لە ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی ئازربێجان، لە باکور زنجیرە چیاکانی قەوقازە لە ڕۆژئاواش هاوسنورە لەگەڵ ئەرمینیا. گەورەترین شارەکانی بریتییە لە جەنزە- گەنجە (المقدسي، ٢٠٠٣، ٢٨١؛ القزويني، د.ت، ٤٩٣).

٩ . هەرێمی ئەرمینیا، لە باکور چیاکانی قەوقاز و وڵاتی کەرەجە، لە باشوریشەوە ناوچەکانی هەکارییە لە هەرێمی جەزیرە، لە ڕۆژهەڵاتیش هەرێمەکانی ئاران و ئازربێجانە، لە ڕۆژئاواش هاوسنوری وڵاتی ڕۆمە (القزويني، د.ت، ٤٩٥-٤٩٦؛ ياقوت الحموي، ١٩٧٧، ١/ ١٥٩- ١٦١).

١٠ . زۆرجار هەرسێ هەرێمەکە لەلایەن جوگرافیناسانی عەرەب وەک یەک هەرێم باس دەکرێن و ناوی دەنێن إقليم الرحاب، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم سێ هەرێمە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە لە ڕوی ئاوهەوا و تێکەڵاوبوونی زەوییەکان لەگەڵ یەکتر (الاصطخري، ١٨٧٠، ١٨١- ١٩٥؛ ابن حوقل، ١٩٩٢، ٢٨٥-٣٠٤؛ المقدسي، ٢٠٠٣، ٢٨١- ٢٨٨).

١١ . أبو القاسم يوسف بن ديوداد: لە بنەماڵەی ساجی بوو، مێژوویەکی دێرینیان لە ناو خەلافەتی عەباسی هەبوو، دامەزرێنەری بنەماڵەکە أبو الساج ديوداد بوو (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٣/ ٤٠٧؛ الجابر، ٢٠٠٥، ٣/ ٣٢)، یەکەم دراوی ناسراوی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ديوداد لە ساڵی ٢٥٦ک/٨٦٩ز کاتێک فەرمانڕەوای حەلەب، بوو لەوێش لێدراوە (Vardanyan, 2013, 73) لە فەرمانڕەوایەتی کردن بەردەوام بوون تا دواجار يوسف دەبێتە فەرمانڕەوای ئازربێجان و ئەرمینیا (ابن الأثير، ١٠٨٧، ٦/٤٩٢؛ بول، ١٩٦٨، ١٢٣).

١٢ . گروپێکی ئایینی- سەربازی بوون، بەسەرکردایەتی حمدان بن الأشعث ناسراو بە قرمط لە ساڵی ٢٥٨ک/ ٨٧١ز لە باشوری عێراق دامەزرا و دەستیان بە چالاکی کرد (الشهرستاني، ٢٠١٩، ٢١٥)، دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشی زەنجەکان چالاکییەکانیان فراوانتر بوون. بەشێوەی ڕێکخستنی نهێنی بەردەوام بوون، دواتر توانیان دەوڵەتێک لە بەحرەین دابمەزرێنن، لە ساڵی ٣١٧ک/ ٩٢٩ز توانیان هێرش بکەنە سەر مەککە و گرنگترین و پیرۆزترین شوێنی موسڵمانەکانیان تاڵانکرد(زکار، ١٩٨٢، ٦، ٥٤).

١٣ . ئەردەبیل: بەناوبانگترین و گەورەترین شارەکانی هەرێمی ئازربێجان دانراوە، هاوکات بە شورە پتەوەکەی بەناوبانگ بوو. دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێمەکەوە، نزیک دەریاچەی قەزوین یەکێکە لە شارە سەرنجڕاکێشەکان ئاووهەوایەکی سازگاری هەیە (القزويني، د.ت، ٢٩١)، ناوەندی بەڕێوەبردنی هەرێمەکەش بوو (ابن حوقل، ١٩٩٢، ٢٨٨- ٢٨٩). بە بەرهەمهێنانی میوە بەناوبانگە، بە هۆی زۆری سەرچاوەی ئاو تیایدا (المقدسي، ٢٠٠٣، ٢٨٤). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (النقشبندي، ٢٠١٢، ٤٧-٤٩).

١٤ . بەردەعە- برذعة: گەورەترین شاری هەرێمی ئارانە، بەپێی گێڕانەوە کۆنەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان و شاه قوباد بنیادی ناوە (القزويني، د.ت، ٥١٢)، هەڵکەوتەکەی نزیک ڕوباری الكر (المقدسي، ٢٠٠٣، ٢٨٢) کۆتا سنوری هەرێمەکەشە (ياقوت الحموي، ١٩٧٧، ١/ ٣٧٩) چەندین بازاڕی تێدابوو، خاکێکی بە پیت بوو و بەرهەمی زۆری هەبووە، کەوتبووە سەر ڕێگای بازرگانی (القزويني، د.ت، ٥١٢).

١٥ . أبو العباس أحمد کوڕی المقتدر بالله کوڕی معتضد بالله لە ساڵی ٢٩٧ک/ ٩٠٩ز لە دایک بووە، لە نێوان ساڵانی ٣٢٢- ٣٢٩ک/ ٩٣٤-٩٤٠ز خەلیفەی عەباسی بوو نازناوی الراضي بالله بوو، لەبەر لاوازی خۆی وڵات دابەش ببوو گەندەڵی بڵاو ببۆوە دەسەڵاتی تەنها ناوچەکانی بەغداو واسطی دەگرتەوە (ابن الأثير، ١٩٨٧: ٧/ ٩٨-٩٩).

١٦ . إمارە الإستيلاء: ئەو میرانشینانەی بە شەڕ و بێ ڕەزامەندی خەلیفە لە هەرێمێکی سەر بە دەسەڵاتی خەلافەت دادەمەزران و دژایەتی دەسەڵاتی ناوەندیان دەکرد، خەلیفەش بەناچاری دانی بە دەسەڵاتیان دەنا. لە بەرامبەردا جۆرێکی تری میرنشینمان هەبوو کە بە إمارە إستكفاء ناسراون، واتا: ئەو میرنشینەی کە خەلیفە بە ویست و ئارەزووی خۆی بۆ مەبەستێکی سیاسی دیاریکراو دایدەمەزراند، بۆ بەرگریکردن لە هەرێمێک لە هێرشی هێزێکی نەیاری خەلافەت، پابەندەکران بە ناردنی باج و خەراجی ساڵانە بۆ خەزێنەی ناوەند (الماوردي، ١٩٨٩، ٤٠-٤٦).

١٧ . مەراغە: شارێکی گەورەی هەرێمی ئازربێجان بوو لەوسەردەمەدا دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ئورمیە، بە دارستانە چڕوو پڕەکانی بەناوبانگ بوو، ڕێگایەکی سەرەکی بازرگانی بوو (ابن حوقل، ١٩٧٢، ٢٨٩؛ القزويني، د.ت، ٥٦٢).

١٨ . مرزبان کوڕی محمد: بە ڕەچەڵەک دەیلەمییە، بە میری مسافیری بەناوبانگبوو، پێی وتراوە خاوەن ئازربێجان، لەگەڵ ڕوسەکان شەڕی کردووە لە کاتی هێرشیان بۆ سەر شاری بەردەعە، لە ساڵی ٣٣٧ک/ ٩٤٨ز لەگەڵ ركن الدولة‌ی بوەیهی بە شەڕ هات و دەستگیرکرا. بەڵام دواتر لە ساڵی ٣٤١ک/ ٩٥٢ز توانی لە زیندان ڕابکات، لە ساڵی ٣٤٦ک/ ٩٥٧ز ماڵئاوایی لە ژیان کرد (مسكويه، ٢٠٠٠، ٦/ ٦٤، ٩٤-٩٥، ٢٠٥).

١٩ . باتینیەکان: گروپێکی ئایینی شیعی ئیسماعیلی بوون، لە دوای مردنی جعفرالصادق لە ساڵی ١٤٨ک/ ٧٦٥ز دەرکەوتن و پێیان وابوو دوای ئەو ئیسماعیلی کوڕی جێگای دەگرێتەوە (النوبختي، ٢٠١٢، ١١٤- ١١٦). لە لایەن میمون کوڕی دیصان ناسراو بە قەداح و محمد کوڕی حسین ناسراو بە دندان دامەزرا، بەناوچەیەکی فراوان لە عێراق و شام و دەیلەم و خوراسان بڵاوبوونەوە (البغدادي، ،٩٨٢:

٢٦٥-٢٧٠) بەوە ناسرابوون، بیرو باوەڕیان لە ناخی خۆیان دەشاردەوە، تەنها بۆ کەسانی باوەڕپێکراو ئاشکرایان دەکرد (الخطیب، ١٩٨٦، ١٩) پێیان وابوو تەنها ئیمامەکان لایەنە شاراوەو نادیارەکانی ئایین دەزانن، بەچەندین ناو و ناتۆرەی تر ناسراون (الشهرستاني، ٢٠١٩، ٢١٠؛ لویس، ٢٠٠٦، ٥١).

[٢٠] . ناوی تەواوی ابو الحسین أحمد بن أبي شجاع بن بویە میری بوەیهی بوو لە عێراق و ئەهواز خەلیفەی عەباسی ئەو نازناوەی پێبەخشی، دوای ئەوەی هاتە بەغدا، بە یەکێک لە میرە بەهێزەکان دادەنرێت لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا، نزیکەی ٢١ ساڵ فەرمانرەوایەتی کردووە، لە ساڵی ٣٥٦ک/ ٩٦٦ز کۆچی دوایی کردووە (ابن خلكان، ١٩٧٧، ١/ ١٧٤-١٧٧).

[٢١] . لشکری کوڕی مەردی لە هۆزی گیل سەرەتا سەرکردایەتی سوپای ماکان کوڕی کالی بوو، دواتر چووە ڕیزی سوپای مەرداویجی کوڕی زەیار دوای کوژرانی ناوبراو، لە لایەن براکەی وشمگیر، لشکری بووە فەرمانڕەوای هەرێمی چیا و هەمەدان، توانی ماڵ و سامان و سەربازێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە (کسروی، ١٥٣٧، ٦٨).

[٢٢] . أبو محمد الحسن کوڕی ابی الهجاء عبدالله کوڕی حمدان کوڕی حمدون ئەمیری حەمدانییەکانی موسڵ، نازناوی ناصر الدولة لەلایەن خەلیفەی عەباسی المتقی اللة ٣٢٩- ٣٣٣ک/ ٩٤٠- ٩٤٤ز پێدراوە، ساڵی ٢٩٨ک/ ٩١٠ز لەدایکبووە، بۆ ماوەیەکی کەم توانیویەتی پۆستی میری میران لە بەغدا وەربگرێت لە ساڵی ٣٥٨ک/ ٩٦٨ز مردووە (ابن خلكان، ١٩٧٧، ٢/ ١١٤- ١١٦؛ الدوری، ١٩٧٥، ٩٧- ١٠٦).

[٢٣] . لێدانی دراو لە شارەکە مێژوویەکی زوتری هەیە، بۆ سەرەتای دەسەڵاتی عەباسییەکان دەگەڕێتەوە ساڵی١٤٠ک/ ٧٥٧ز یەکەم دراوی مسی سور لە شارەکە لێدراوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر لێدانی دراو لە سەردەمی عەباسی یەکەم لە شارەکە بڕوانە (Akopyan, Mosanef, 2010, 6-8).

[٢٤] . موقان- موغان: هەرێمێکی بچوکە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئازربێجان، تورکمانەکان ڕێژەیەکی بنەڕەتی دانیشتوانەکەیان پێکدەهێنا (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ٥/ ٢٢٥).

[٢٥] . ڕەی: لە نێوان شارناسان بیروبۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە ناساندنی شارەکە، المقدسی م: ٣٨٠هـ/ ٩٩٠م دەڵێت: "دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی چیاو یەکێکیشە لە شارە گەورەکانی هەرێمەکە" (٢٠٠٣، ٢٩٣) لای هەندێکی تر شارەکە وەک شارێکی هەرێمی دەیلەم دەناسێنن و پێیانوایە پەیوەندی بە هەرێمی چیاوە نییە، چونکە وڵاتی دەیلەمیش هاوشێوەی هەرێمی چیا شاخاوییە، دەکەوێتە باشوری دەریاچەی قەزوین و شارێکی دەوڵەمەندە لە ڕوی میوە و میوەجاتەوە (الأصطخري، ١٨٩٨، ٢٠٩؛ ابن حوقل، ١٩٩٢، ٣٢١-٣٢٢) بۆ زیاتر دەربارەی ڕۆڵی شارەکە بڕوانە (المسری، ١٩٩٤، ١-٢/ ١٥٢-١٨٩).

[٢٦] . خونج: شارۆچکەیەکی بچوکە هەڵکەوتووە لە باکوری شاری زنجان، دەکەوێتە سەر ڕوباری سفیدرود یەکەم شاری هەرێمی ئازربێجانە کاتێک کە لە شاری ڕەیەوە دەچنە ناو هەرێمەکە (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ٢/ ٤٠٧).

[٢٧] . لە بنەڕەتدا ناوێکی فارسیە، شارێکی بچوکە لە ناوچەی دەیلەم نزیک دەریاچەیەک هەڵکەوتووە (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ١/ ٢١٠).

[٢٨] . خەڵات: یەکێکە لە شارە کۆنەکان و لە زوێکەوە کوردی تێدا نیشتەجێ بووە، لەوپەڕی باکوری وڵاتی کوردان هەڵکەوتووە (البابیري، ٢٠٠٥، ٢٧). لە پەرتوکی شارناسانی موسڵمان بە دوو شێوە ناوی هاتووە خلاط- أخلاط (ابن حوقل، ١٩٩٢، ٢٩٥؛ خسرو، ١٩٩٣، ٥١)، دەکەوێتە نێوان هەرێمی جەزیرەی فوراتی و ئەرمینیا، لە ڕوی بەڕێوەبردنەوە سەر بە ئەرمینیا بوو، لە باکوری ڕۆژئاوای دەریاچەی وان هەڵکەوتووە. بۆ زانیاری دەربارەی شارەکە بڕوانە (البابیري، ٢٠٠٥، ٢٧-٤١).

[٢٩] . ئەرگیش- ارجیش: دەکەوێتە هەرێمی ئەرمینیا و نزیک شاری خەڵات، قەڵایەکی گەورە و شورەیەکی پتەو دەوری شارەکەیدا بوو، لە نزیک دەریاچەی وان، ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانەکەی مەسیحی بوو (یاقوت الحموی، ١٩٧٧، ١/ ١٤٤؛ أبو الفداء، ١٨٤٠، ٣٩٠، ٣٩٥).

[٣٠] . منازکرد- ملازکرد: دەکەوێتە سەر ڕوباری فوڕات لە ڕۆژهەڵات و بە دوری حەوت فەرسەخ نزیکەی ٤٢کم لە باکوری شاری خەڵات هەڵکەوتووە، شارێکی گەورە و بە ناوبانگ بوو، خاکێکی فراوان و ئاووهەوایەکی سازگار و خۆشی هەبوو، ژمارەیەکی زۆری مەسیحی تێدا نیشتەجێ بوو (المقدسي، ٢٠٠٣، ٢٨٣؛ یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ٥/ ٢٠٢) لە دوای شەڕی ساڵی ٤٦٣ک/ ١٠٧٠ز کە بە ناوی شارەکەش ناسرا لە نێوان سەلجوقیەکان و بیزەنتییەکان ناوبانگی زیاتر بوو کە تێیایدا سەلجوقییەکان سەرکەوتنیان تۆمارکرد (لسترنج، ١٩٥٤، ١٤٨).

[٣١] . دوین- دڤین- دبیل:- گەورەترین شاری هەرێمی ئەرمینیا بوو، بە ئەندازەیەک بە پایتەختی هەرێمکە دادەنرا، لە سەر سنوری هەرێمی ئاران (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ٢/٤٣٨-٤٣٩) شارێکی جوان و سەرنج ڕاکێشە بە داهات و خێرو بێرێکی زۆر بەناوبانگبوو، چەندین مزگەوت و پەرستگای ئایینی مەسیحیەکانی تێدا دروستکرابوو (المقدسي، ٢٠٠٣، ٢٨٣). بنکەی سەرەکی بەڕێوەبردنی هەرێمەکە بوو ( ابن حوقل، ١٩٩٢، ٢٩٤).

[٣٢] . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دراو لێدان لە شارەکە بڕوانە (Akopyan, 2015,1036-1039).

[٣٣] . ئەم میرنشینەش بۆ خێزانێکی فارسی کۆن دەگەڕێتەوە ، لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری بلخ بوون، باپیرە گەورەی بنەماڵەکە بە ناوی سامان خداة کوڕی جثمان دەدرێنە پاڵ پاشایانی ساسانی، نەوەکانی سامان ئامادەبونێکی بەرچاویان لە ناو دەوڵەتی عەباسی هەبوو لە سەردەمی خەلیفە المأمون ١٩٨- ٢١٨ک /٨١٣ - ٨٣٣ هەندێک ئەرکی بەڕێوەبردنیان پێسپێردرا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٦ / ٢٥٣). دوای ئەوەی توانیان دەست بەسەر شاری بوخارا دابگرن، لە ساڵی ٢٦١ک /٨٧٤ز خەلیفە المعتمد ٢٥٦ - ٢٧٩ک /٨٧٠ - ٨٩٢) بە والی شارەکە و وڵاتی ئەودیو ڕوبار- ماوراءالنهر ناساندنی، ئەمەش بەسەرەتای دامەزراندنی میرنشینەکە دادەنرێت لە ساڵی ٣٨٩ک/ ٩٩٩ز کۆتایی بە دەسەڵاتەکەیان هات (النرشخي، ١٩٩٣، ١١٦؛ القوصی، ١٩٩٣، ٤١).

[٣٤] . پاش گەڕان لەناو ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستماندان هیچ زانیاریەکمان دەست نەکەوت لە بارەی دراو لێدان لە ماوەی ئەم ساڵە.

[٣٥] . مێژووی فەرمانڕەوایەتی ئەم کەسایەتیانە لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێنەکراوە، تەنها ناویان وەک فەرمانڕەوای سالاری هاتووە. بڕوانە (مسکویە، ٢٠٠٠، ٦/ ١٨٤).

[٣٦] . بەڕەچەڵەک لە کوردانی ڕەوادین، کە تیرەیەکن لە هۆزی هەذبانی (حسن، ٢٠١١: ٤٠).

[٣٧]. لە سەرچاوەکان ئەم کەسایەتیانە تەنها ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە کە هاوکاری میر دەیسەمیان کردووە لە بەڕێوەبردندا، کەمترین زانیاری لە بارەی ژیانیان خراوەتە ڕوو.

[٣٨] . ئورمیە: ئەم شارە لە لایەن شارناسان بە چەندین شێوە ناوی هاتووە أرمیة، أورمیە کوردەکانیش پێی دەڵێن ورمێ، دەکەوێتە نزیک دەریاچەکەیەوە ئاووهەوایەکی پاك و لەباری هەیە سەرچاوەی ئاوی سازگاری تێدایە، بە یەکێک لە شارە کۆن و گەورەکانی پارێزگای ئازربێجان دادەنرێت (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ١/ ١٥٩).